DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.351

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# تاوانی جینۆساید، قۆناغەکانی جێبەجێکردنی و ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی جینۆسایدی ئەنفال و کوردانی ئێزیدی بە نموونە

**ڕۆشنا جمال محمد امین**

بەشی رامیاریی- کۆلیجی رامیاریی- زانکۆی سلێمانی.

roshna.mahmood@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئـەم توێژینەوەیـە بەناونیشـانی (تاوانـی جینۆسـاید، قۆناغەکانـی جێبەجێکردنـی و ڕێگریکـردن لـە ئەنجامدانـی. جینۆسـایدی ئەنفـال و کوردانـی ئێزیـدی بـە نموونـە)، هـەوڵ دەدات چەمکـی جینۆسـاید بخاتـە ڕوو وەکـو یەکێـک لە سـەختترین تاوانەکانـی دژ بـە مرۆڤایەتـی، کـە لەلایـەن ڕژێمـە سـتەمکارەکان و لایەنـە توندڕەوەکانـەوە ئەنجـام دەدرێـت، بـە ئامانجـی لەناوبردنـی تـەواوی یـان بەشـێکی گروپێکـی نەتەوەیـی، نـەژادی، ڕەگـەزی یاخـود ئایینـی. لـەم توێژینـەوەدا بەتایبـەت پرۆسـەی بەڕێوەچوونـی تاوانـی جینۆسـاید و قۆناغەکانـی جێبەجێکردنـی بـە پشتبەسـتن بـە تیـۆری زانـا و پسـپۆڕی نێودەوڵەتـی جینۆسـاید گریگـۆری سـتانتۆن دەخرێتـەڕوو لەگـەڵ نیشـاندانی گرنگتریـن سیاسـەت و میکانیزمـی جێبەجێکردنـی تاوانـی جینۆسـاید لـە دژی گەلـی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق و ناوچەکـە. توێژینەوەکـە هـەوڵ دەدات بـاس لـەو هەوڵـە نێودەوڵەتیانـەی کـە بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی تاوانـی جینۆسـاید خراونەتەگـەڕ، بەتایبـەت لەلایـەن ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە بـکات، هەروەها گرنگتریـن میکانیـزم و ڕێوشـوێنی، کـە دەکرێـت پەیـڕەوی بکرێـن بـۆ ڕێگریکـردن لـە ڕوودانـی یاخـود دووبارەبوونـەوەی تاوانـی جینۆسـاید لەپاڵ بابەتـی مەترسـییەکانی سـەر ژیـان و گەڕانـەوەی کوردانـی ئێـزدی بـۆ شـەنگال و دەوروبـەری دەخرێتـەڕوو. ئـەم توێژینەوەیـە دیراسـەی دوو نموونـەی جینۆسـایدی گەلـی کـورد دەکات ، ئەوانیـش جینۆسـایدی ئەنفـال دژ بـە گەلـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە کوردسـتانی عێـراق لەسـەر دەسـتی ڕژێمـی بەعـس و جینۆسـایدی کوردانـی ئێـزدی لـە سـاڵی ٢٠١٤ لـە شـەنگال لەسـەر دەسـتی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی بەنـاو دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق سـوریا ئەنجامـدراون.

**کلیلەوشە: جینۆساید، کورد، ئێزدی، ئەنفال، نەتەوە یەکگرتووەکان، کوردستان، عێراق**

Recieved: 2/9/2023
Accepted: 18/10/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی:

ئـەم توێژینەوەیـە بەناونیشـانی (تاوانـی جینۆسـاید، قۆناغەکانـی جێبەجێکردنـی و ڕێگریکـردن لـە ئەنجامدانـی. جینۆسـایدی ئەنفـال و کوردانـی ئێزیـدی بـە نموونـە)، هەوڵـدەدات وەڵامـی هەندێـک پرسـیار بداتـەوە سـەبارەت بـە بابەتـی تاوانـی جینۆسـاید لەوانـە: ئـەو دەوڵەتانـەی ئەگـەری جینۆسـاید بـەرزە تیایانـدا، دەکرێـت چ جـۆرە میکانیزمێـک بگرنەبـەر بـۆ ڕێگریکـردن لـەم تاوانـە؟ ئایـا دەکرێـت پرۆسـەی جینۆسایدکردن لـە یەکێـک لـە قۆناغەکانیـدا ڕابگیرێـت؟ ڕژێمـی بەعـس چ سیاسـەت و میکانیزمێکـی بەکارهێنـا بـۆ جینۆسـایدکردنی گەلـی کـورد و پێکهاتەکانـی دیکـەی کوردسـتان و عێـراق؟ چـۆن دەکرێـت ڕووبـەڕووی مەترسـی توندوتیژییـەکان یاخـود ئەگـەری جینۆسـایدکردنەوەی گەلـی کـورد بەتایبـەت کوردانـی ئێـزدی ببینـەوە؟ لەڕوانگـەی کەمـی توێژینـەوە و سـەرچاوە لەسـەر ئـەم بابەتـە بەتایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق و ناوچەکـە، بەپێویسـت زانـرا ڕۆشـناییەک بخرێتـە سـەری و بیرۆکەیـەک بـۆ خوێنـەر دابیـن بکرێـت تاوەکـوو بتوانێـت لـە هـۆکار و بارودۆخـی دەسـتپێکردن و ئەنجامدانـی تاوانـی جینۆسـاید تێبـگات و هوشـیاری بدرێـت لەسـەر ئەگـەری دووبارەبوونـەوەی ئـەم تاوانـە و میکانیزمـی خۆپاراسـتن و ڕێگریکـردن لێـی.

## ئامانجی توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـە ئامانجـی پێداچوونەوەیـە بـە چەمکـی ڕێگریکـردن لـە تاوانـی جینۆسـاید وەک بابەتێکـی جەوهەری لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و ئـەو وڵاتانـەی دووچـاری مەترسـی و ئەگـەری ڕوودان یاخـود دووبارەبوونـەوەی جینۆسـاید دەبنـەوە. ئامانجـی دیکـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە دەستنیشـانکردنی قۆناغەکانـی تاوانـی جینۆسـاید و میکانیزمـی ڕێگریگـتن و پاراسـتنی پێکهاتـە یاخـود گروپـە بەئامانجکـراوەکان، هەروەهـا خسـتنەڕووی کاریگەرییەکانـی ئـەم تاوانـە دژ بەمرۆڤایەتییـە لەسـەر قوربانییـەکان و دەرئەنجامەکانـی لەسـەر بـوون و مانـەوەی پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئاینـی و مەزهەبییەکانـی کوردسـتان بەتایبـەت و پێکەوەژیانـی ئاشـتییانەی ئـەم پێکهاتانـە.

## کێشەی توێژینەوە:

هەرچەنـدە تاوانـی جینۆسـاید لـە یاسـا نیشـتمانییەکانی زۆرێـک لـە وڵاتانـدا بـە تاوانـی دژبەمرۆڤایەتـی نـاسراوە و سـزای یاسـایی بـۆ بکەرانـی دانـراوە، هەروەهـا لـە لایـەن حکومەتـەکان یاخـود توێژەرانـی بـواری توێژینـەوەی جینۆسـایدەوە گرنگـی پێـدراوە، بەتایبـەت لـەم سـاڵانەی دواییـدا، بـەڵام ئەگـەری دووبارەبوونـەوەی جینۆسـاید و ڕێگریکـردن لـەم تاوانـە تاکـوو ڕادەیـەک نەبۆتـە بـاس و خەمـی لایەنـە حکومیـەکان و ڕێکخـراوەکان و توێژەرانـی بـواری جینۆسـاید و هێشـتا لـە جدیەتـی مەترسـی و هەڕەشـەی ڕوودانـەوەی ئـەم تاوانـە دژبەمرۆڤایەتییـە بەپێـی پێویسـت لێکۆڵینـەوەی لەبـارەوە نەکـراوە. هەربۆیـە ئـەم توێژینـەوە وەکـوو هەوڵێکـی ئاگادارکردنـەوە و زەنگێـک دەبێـت بـۆ سەرنجڕاکێشـانی دامودەزگاکانـی دەوڵەت و ناوەنـدە زانسـتی و ئەکادیمیـەکان بـۆ بابەتێکـی مەترسـیدار و جیـدی، ئەویـش هەڕەشـەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی جینۆسـایدێکی دیکەیـە لـە دواڕۆژی نزیـک یاخـود دوور لـە دژی نەتـەوەی کـورد و پێکهاتەکانـی دیکـەی ناوچەکـە.

## توێژینەوەی پێشوو:

چەنـد توێژینەوەیەکـی پێشـوتر هـەن، کـەوا بەشـێک لـەم بابەتەیـان خسـتۆتەڕوو، هـەروەک توێژینەوەیەکـی پەیمانـگای ئەڵمانـی بـۆ سیاسـەت و ئاسایشـی نێودەوڵەتـیSWP ، کـە (پیتـەر ڕودۆڵـف)، سـاڵی ٢٠١٥ بـە زمانـی ئەڵمانـی نوسـیوێتی بـە ناونیشـانی (Bürgerkriege und Massenverbrechen verhindern – aber wie?) (ڕێگریکـردن لـە شـەڕی ناوخـۆ و کۆمەڵکـوژی - بـەڵام چـۆن؟). ڕودۆڵـف هەڵسـاوە بـە دیراسـەی هەڵسـەنگاندنی مەترسـی و ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەختە و

خۆپاراستن لە توندوتیژی و کۆمەڵکوژی لە قۆناغە جیاجیاکاندا، هەروەها ڕێگریکردن لە ململانێ و قەتڵوعامکردن و خۆپاراستن لە ململانێی دوای جەنگ.

هەروەها کتێبێکی محەمەد ئیحسان، نوسەر و پسپۆڕی بواری جینۆساید، کە لەساڵی ٢٠١٥ بەزمانی عەرەبی دەرچووە بەناوی (الصمت: الإبادة الجماعية فی کوردستان العراق) (بێدەنگی: جینۆساید لە کوردستانی عێراق)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، یاسایی، کۆمەڵناسی و سیاسییە، بەدواداچوون بۆ پرسی جینۆساید دەکات، بەتایبەت جینۆسایدی گەلی کورد و باس لە چەوساندنەوەی گەلی کورد و عێراقییەکان دەکات لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، هەروەها هەندێک لە میکانیزمی ڕێگریگردن لەم تاوانە دەخاتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە (تاوانی جینۆساید، قۆناغەکانی جێبەجێکردنی و ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی. جینۆسایدی ئەنفال و کوردانی ئێزیدی بە نموونە) بەشێوەیەکی فراوانتر و جیاواز باس لە بابەتی جینۆساید و ڕێگریکردن و مەترسییەکان لە دووبارەبوونەوەی دەکات، کاتێک قۆناغەکانی جێبەجێکردنی جینۆساید بە شێوەیەکی شیکاری و وورد دەخاتەڕوو، هەروەها هەوڵ دەدات دیراسەی مەترسی سەر دانیشتوانی کوردانی ئێزدی و میکانیزمی دابینکردنی ناوچەیەکی سەلامەت لە شەنگال بکات. ئەم توێژینەوەیە هۆکار و میکانیزمی کاریگەر دەخاتەڕوو، کە دەکرێت ببنە بەربەست و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی جینۆساید لە دژی هەمان گروپی قوربانی یاخود پێکهاتەیەکی جیاواز لە دوارۆژێکی دوور یان نزیکدا.

## هەیکەلی توێژینەوە:

تەوەرەی یەکەم: تاوانی جینۆساید

یەکەم: قۆناغەکانی جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید لەسەر بنەمای مۆدێلی گریگۆری ستانتۆن Gregory H. Stanton

دووەم: تاوانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق

١) جینۆسایدی ئەنفال لە کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٨٨

٢) جینۆسایدی کوردانی ئێزدی لە شەنگال و دەوروبەری ساڵی ٢٠١٤

٣) سیاسەت و میکانیزمی جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید لە دژی گەلی کورد

تەوەرەی دووەم: مەترسی هەوڵی جینۆسایدکردنەوەی گەلی کورد

یەکەم: مەترسی جینۆسایدی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان

دووەم: مەترسییەکانی سەر ژیانی کوردانی ئێزدی لە شەنگال و دەوروبەری

تەوەرەی سێیەم: ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید

یەکەم: میکانیزمی ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید

دووەم: ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لە پاراستنی دانیشتوان و ڕێگریکردن لە جینۆساید

سێیەم: ڕێگریکردن لە هەوڵی جینۆسایدکردنەوەی کوردانی ئێزدی

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

مەنهەجی توێژینەوە:

سروشتی توێژینەوەکە پێویستی دەکرد، کە پشت بە زیاتر لە مەنهەجێک ببەستین بۆ نوسینەوەی ئەوانیش مەنهەجی بەراوردکاری مێژوویی و لە هەمان کاتدا مەنهەجی وەسفی شیکاری.

تەوەرەی یەکەم: تاوانی جینۆساید

لـە مێـژە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی شـایەتی چەندەهـا تـاوان بـووە و چەندەهـا وڵات تاوانیـان بەرامبـەر گەلـی خۆیـان و گەلانـی دیکـە ئەنجامـداوە، بـەڵام بەهـۆی سروشـتی ئیدارەدانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و شـێوازی پەیوەندیەکانـەوە، بەشـێک لـەو تاوانانـەی ئەنجام دراون تاکـو ئێسـتا وەک تاوانـی جینۆسـاید پۆلێـن نەکـراون، تەنهـا لـە چوارچێـوەی گێڕانەوەی مێژوویـی ئاماژەیـان پێـدراوە. تاکـو سـەدەی بیسـتەم، کاتێـک کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی چەندیـن هەوڵیـدا بـۆ پەرەپێدانـی یاسای نێودەوڵەتـی و گۆڕینـی تێرمـی جینۆسـاید لـە دەسـتەواژەیەکی وەسـفییەوە بـۆ یاسایی، ئەمـەش بـە هەوڵـی (ڕافایـل لێمکیـن)، یاساناسـی جـوی بەڕەچەڵـەک پۆڵۆنـی بـوو کـە لـە داواکارییەکانیـدا جەختـی لەسـەر دابینکردنـی پاراسـتنی یاسـایی بـۆ پێکهاتـەکان کردۆتـەوە (احسـان، ٢٠١٧ .p ٩,)

بـە پێـی پێناسـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان جینۆسـاید هەریەکێـک لـەم کارانـەی خـوارەوە دەگرێتـەوە کـە بـە مەبەسـتی لەناوبردنـی تـەواوی یـان بەشـێکی گروپێکـی نەتەوەیـی، نـەژادی، ڕەگـەزی یاخـود ئایینـی ئەنجامـدەدرێـت (Rabinbach, ٢٠٠٥):

١. کوشتنی ئەندامانی گروپ

٢. گەیاندنی زیانێکی گەورەی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گروپ

٣. سەپاندنی بارودۆخی ژیانێک، کە مەبەست لێی زیانی تەواوی یان نیمچەیی فیزیکی بە گروپەکە بێت

٤. سەپاندنی ڕێوشوێنی ڕێگریکردن لە لەدایکبوونی منداڵ لەناو گروپەکەدا

٥. گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە

لـە ٩ی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨، کۆمەڵـەی گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕێککەوتننامـەی ڕێگریکـردن و سـزادانی تاوانـی جینۆسـایدی لـە بڕیارنامـەی ٠] ٢٦(III) A [ پەسـەندکرد و لـە ١٢ی کانوونـی دووەم کەوتـە بـواری جێبەجێکردنـەوە. ئـەم دوو بەڵگەنامەیـە تاکـو ئەمـڕۆش ناوکـی پێـوەرە نێودەوڵەتییەکانـی مافـی مـرۆڤ پێکدێنـن. هـەردوو ڕێکەوتننامەکـە لـە ژێـر کاریگەرییەکانـی جەنگـی جیهانـی دووەمـدا هاتەکایـەوە، بەتایبـەت دوای کۆمەڵکـوژی سیسـتماتیکی نزیکـی شـەش ملیـۆن جـو و پێکهاتەکانـی دیکـەی وڵاتـی ئەڵمانیـا لـە سـنتی و ڕۆمـا و نەیارانـی سیاسـی و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان لەجینۆسـایدی هۆلۆکۆسـتدا لەسـەر دەسـتی ناسـیۆنال سۆسیالیسـتەکان نـاسراو بـە نازییـەکان. ئـەو دڕندەییانـەی جەنـگ ئـەو کات قەناعەتێکـی هێنایـە کایـەوە کـە هەرگیـز جارێکـی دیکـە نابێـت ئـەم تاوانـە دووبـارە بێتـەوە (Hofmann, ٢٠١٨). ئـەم تاوانـە خەسـڵەتی نەهێشـتنی کۆمەڵـە مرۆڤێـک، چ بەشـێکی یـان سـەرجەمی دەگرێتەخـۆ، کـە ئەمـەش خەسـڵەتێکی تایبـەت بـە جینۆسـاید دەدا و لـە تاوانـی دیکـە جیـای دەکاتـەوە (گـوڵ, ٢٠٠٧ (p. ٢٢. تاوانـی جینۆسـاید بـەزۆری لـە کۆمەڵگاکانـدا ڕوودەدەن کـە گروپـە نەتەوەیـی، ڕەگـەزی، ئاینـی و مەزهەبییـە جۆراوجـۆرەکان لەخۆدەگـرن کـە خەریکـی ململانێـی ناسـنامەن. ئـەوەی ململانـێ دروسـت دەکات، کاریگەرییەکانـی ئـەم جیاوازیيانـەن لـە ڕووی دەسترۆیشـتن بـە دەسـەڵات، سـامان، خزمەتگـوزاری، هەلـی کار، گەشـەپێدان، هاووڵاتیبـوون و مـاف و ئازادییـەکان (فهمـی, ٢٠٢٢(.

## یەکـەم: قۆناغەکانـی جێبەجێکردنـی تاوانـی جینۆسـاید لەسـەر بنەمـای مۆدێلـی گریگـۆری سـتانتۆن Gregory H. Stanton

(گریگـۆری سـتانتۆن) (Gregory H. Stanton) ( پسـپۆڕی جینۆسـاید و سـەرۆکی دامەزرێنـەری ڕێکخراوی چاودێری جینۆسـاید (Genocide Watch) مۆدێلێکـی داڕشـتووە بـۆ قۆناغەکانـی جێبەجێکردنـی تاوانـی جینۆسـاید، کاتێـک دابەشـیکردووە و جیـای کردۆتـەوە بـۆ دە قۆنـاغ، کـە لـە پۆلێنکردنـی مرۆڤەکانـەوە دەسـت پێـدەکات تـا دەگاتـە دوا قۆنـاغ کـە بریتییـە لـە

نکوڵیکـردن لـە جینۆسـاید. هـەر قۆناغێـک بریتییـە لـە پرۆسـەیەک و دەکرێـت هەموویـان بـە تەریبـی لـە یـەک کاتـدا ئەنجـام بدرێـن و هەندێـک قۆنـاغ دەکرێـت بەدرێژایـی کۆمەڵکوژییەکـە بـەردەوام بـن. مۆدێلەکـە ئـەوە نیشـان دەدات کـە دەتوانرێـت لـە هـەر دە قۆناغەکـەدا پێشـبینی نیەتـی کۆمەڵکوژیەکـە بکرێـت (GenocideWatch, ٢٠٢٣). ئەمـەش وا دەکات، کـە هـەر قۆناغێـک وەکـوو نیشـانەی ئاگادارکردنـەوە ببێتـە هـۆی ڕێگریگرتـن لـە قۆناغـی دواتـر و لـە جینۆسـایدێکی داهاتـوو.

## پۆلێنکردن (التصنیف) Classification

لـە هەمـوو کولتورێکـدا جیـاوازی لەنێـوان پێکهاتـەکان لەسـەر بناغـەی ئێمـە و ئـەوان لـە سەرئاسـتی ،نەتـەوە، ئایـن، ڕەگەز...هتـد دەکرێـت (GenocideWatch, ٢٠٢٣). لـە گۆمەڵـگـە داخراوەکانـدا ئەگـەری ئەنجامدانـی تاونـی جینۆسـاید گەورەتـرە بەتایبـەت کاتێـک پێکهاتـەی کۆمەڵگەکـە فرەڕەنـگ بێـت لـەڕووی نەتـەوە، زمـان، ئایـن، مەزهـەب و ئێتنیـک، هـەروەک کۆمەڵگـەی عێراقـی. لەکاتێکیشـدا نەتەوەیەکـی سەردەسـت خـۆی بـە باڵاتـر و بەهێزتـر بزانێـت و سیاسـەتی تەفزیلـی نەتەوەیـەک یاخـود ئاینێـک یـان هۆزێکـی دیاریکـراو بەسـەر پێکهاتەکانـی دیکـەدا پەیڕەوبـکات و بـەو بیانـووەی ئەوانـی تـر بچەوسـێنێتەوە و هەوڵـی سـڕینەوەیان بـدات (گوڵپـی, ٢٠١٦). نموونـە بـۆ ئـەم پۆلێنکردنـە وەک پۆلێنکردنـی کۆمەڵگـەی ئەڵمانـی بـە ئەڵـمان و جـو، کۆمەڵگـەی ڕوانـدا بـە هوتـۆ و توتسـی ،عێراقـی بـە کـورد و عـەرەب، موسـڵمان و مەسـیحی، موسـڵمان و ئێـزدی، ئێرانـی بـە کـورد و فـارس، تورکـی بـە کـورد و تـورک، .....هتـد.

پۆلێـن کـردن بەهەمـان شـێوە یەکـەم هەنـگاو بـوو بـۆ پرۆسـە یـەک لەدوایەکەکانـی جینۆسـایدی گەلـی کـورد لەعێراقـدا، بەتایبـەت لـەدوای گرتنـە دەسـەڵات لـە لایـەن حیزبـی بەعسـی عەرەبـی لـە تەمـوزی ١٩٦٨ دا، لـە ڕێگـەی پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی جیاکردنـەوە و پۆلێنکردنـی گەلانـی عێـراق لەسـەر بنچینـەی نەتـەوە و ئایـن و مەزهـەب و هەروەهـا ڕادەی وەلا و پاڵپشـتییان بـۆ ڕژێمـی بەعـس و سیاسـەتەکانی، هـەروەک تەفزیلکردنـی نەتـەوەی عـەرەب بەسـەر نەتەوەکانـی دیکـەی عێـراق، تەنانـەت لەنـاو عەرەبیشـدا سـەدام حسـێنی سـوننەمەزهەب گرنگـی بـە ئەندامانـی هـۆز و هاوشـاریەکانی لـە تکریـت، ئینجـا دانیشـتوانی عەرەبـی سـونە دەدا. ئـەم پۆلێنکردنـە، بـە بـێ ڕەچاوکردنـی جیـاوازی و تایبەتمەندێتـی نەتەوەیـی و ئاینـی و مەزهەبـی و کولتـوری هـەر یـەک لـەو پێکهاتانـە ئەنجـام دەدرا.

٢. نیشانکردن (الترمیز) Symbolization

لەڕێگـەی پێدانـی نـاوی تایبـەت بـە گروپـی پۆلێنکـراو بـۆ لـە ناوبـردن یاخـود ئیشـارەتپێکردنیان وەکـوو گروپێکـی جیـاواز ئەنجـام دەدرێـت، بـە نموونـە ( یەهـود، قـەرەج، کـورد، موسـڵمان، مەسـیحی، ئێزیـدی ...هتـد) یـان بەهـۆی ڕەنـگ و جـل و بـەرگ جیـا دەکرێنـەوە و نیشـانە دەکرێـن بـە ڕەمـز. بـۆ نموونـە ئەڵمانیـای نازی ئەسـتێرەیەکی زەردی لەسـەر شـانی جـوەکان دادەنا، لەکەمبۆدیا خمیـری سـور ملپێچـی شـینیان دەکـردە ملـی قوربانیـەکان تاکـو بناسرێنـەوە (Stanton, ٢٠٢٣). چەکدارانـی داعـش زۆرێـک لـە خانوبـەرە و دوکانەکانـی مەسـیحییەکانیان لـە موسـڵ و دەوروبـەری بـە پیتـی عەرەبـی «ن» نیشـانە دەکـرد، کـە کورتکـراوەی وشـەی «نەسـارا» دەگەیەنێـت. مـاڵ و دوکانـی شیعەکانیشـیان بـە پیتـی «ر» وەکـو نیشـانەیەک بـۆ „ڕافضـة" واتـە „ڕەتکـەرەوەکان" نیشـان دەکـرد (RadioVatikan, ٢٠١٤). ئەمـەش بەمەبەسـتی جیاکردنەوەیـان وەکـوو گروپـی ئامانـج و ئامادەکردنیـان بـۆ قۆناغەکانـی دواتـر لـە جینۆسـایدکردنیان. هـەردوو قۆناغـی پۆلێـن و نیشـانکردن زۆر سـاماناکن چونکـە مرۆڤـەکان جیـا دەکرێنـەوە لـە کۆمەڵگـە و لـە قۆناغـی دواتـر مافەکانـی هاوڵاتیبونیـان لـێ وەردەگیرێتـەوە (گوڵپـی, ٢٠١٦).

٣. جیاکاری ( التمييز) Discrimination

گروپی باڵادەست مافی مەدەنی یان تەنانەت هاوڵاتیبوون لە گروپە دەستنیشانکراوەکان دەستێنێتەوە. بۆ نموونە نازییەکان لە ڕێگەی دەرکردنی یاساکانی نورنبێرگ لە ساڵی ١٩٣٥ ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان لە جوەکان سەندەوە و هاوسەرگیرییان لەگەڵ جوەکان کردە نایاسایی .(Stanton, ٢٠٢٣)

بێبەشکردنی کوردانی فەیلی لە ناسنامە و ڕەگەزنامەی عێراقی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بە هەمان شێوەی سیاسەتی نازیەکان بوو، کاتێک هەموو هاوسەرگیریەک لە نێوان کوردانی فەیلی و هەڵگری ناسنامەی عێراقیدا بە یاسای تایبەت هەڵوەشاندەوە و قەدەغەیانکرد. بێبەش کردنی نەتەوەی کورد لە سوریا لە ناسنامە و ڕەگەزنامەی سوری هەمان سیاسەتی جیاکاری دوپات دەکاتەوە. هەروەها چەکدارانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی داعش لەم قۆناغەدا هەستان بە لێسەندن و کۆکردنەوەی هەموو ناسنامە و بەڵگەیەک لە کوردانی ئێزدی کە شوناس و ئینتیمایان وەکوو هاوڵاتییەکی عێراقی بسەلمێنێت، ئەمەش بەمەبەستی جیاکردنەوەیان و پەراوێزکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ قۆناغی دوای ئەوە لە پرۆسەی پاکتاوکردنیان.

٤. داماڵین لە مرۆڤایەتی (التجريد من الانسانية ) Dehumanization

لەم قۆناغەی پرۆسەی جینۆسایددا بکەر یاخود جیهازی جێبەجێکردن بە سیستیماتیک هەوڵی بەردەوام دەدات سیستەمێکی فکری گشتی دروست بکات بۆ لایەنگران و جەماوەری خۆی و کۆمەڵگە بەگشتی، تاکوو کار لەسەر دروستکردنی ڕاوبۆچونێکی تایبەت لەبارەی گروپی دەستنیشانکراو بکەن، کەوا „ئەوان" بۆ نموونە پیس و دواکەوتوو و هاوڵاتی پلەدوون، „ئێمەش" مرۆڤی باش و خاوەن مافین و خودا هەڵی بژاردوین کە دەسەڵات و حوکمڕان بین ، ئەمەش دیسان بەمەبەستی شەرعیەتپێدان بە لەناوبردنیان.

ئەوانەی وەک „جیاواز" پۆلێن دەکرێن دوور لە هەموو مافێکی مرۆڤ و کەرامەتی کەسی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. تەشبیە دەکرێن بە ئاژەڵ و مێروو. نازییەکان بە „مێروو" و «ئافات" ئاماژەیان بە جوەکان دەکرد، لە ڕواندا خێڵی هوتۆ ئەندامانی خێڵی توتسییان بە „جاسوس" ناودەبرد. ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لە عێراق کوردی بە „هاوکاری موخەریبین"، „خائين" „عصاة» واتە یاخی دەناساند و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستانی بە «جيب العميل" واتە باڵی بەکرێگیراو ناودەبرد، ئەمەش بەمەبەستی داماڵینیان لە سیفەتی مرۆڤبوون و بەشەرعیەتکردنی لەناوبردنیان بوو (گوڵپی, ٢٠١٦). تەنانەت بەشێک لە عەرەبی موسڵمان و توندڕەوە شۆڤینییەکان کورد بە „جنۆکە» دەشوبهێنن (سامي, ٢٠١٩)، ئەمەش هەوڵێکە بۆ دانانی مۆرکێکی تایبەت لەسەریان بە مەبەستی ڕک لێبوونەوەیان و هاندانی جیاکاری لە دژیان. کوردانی ئێزدی بە هەمان پرۆسەی لەمرۆڤداماڵیندا ڕۆیشتوون لەسەر دەستی حوکمڕانە جیاجیاکانی عێراق و کوردستان و ناوچەکە، بە مەبەستی شەرعیەتپێدان بە قەتڵ و عامکردنیان، ئەوەبوو لەسەر دەستی ڕێکخراوی تیرۆیستی داعش سیفاتی «کافر» و «شەیتانپەرست» و «پۆخڵ» خرایە پاڵیان، کە گوایا ئەمان چیتر بە مرۆڤ لەقەڵەم نادرێن و لەناوبردنیان و سەبیکردنی واتە بەکۆیلەکردنی ئافرەت و منداڵیان بە پێی شەرع کارێکی حەڵاڵە.

٥. ڕێکخستن (التنظيم ) Organization

تاوانی جینۆساید بەرنامەڕێژی بۆ دەکرێت لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ جێبەجێکردن و ئەنجامدانی بە بەشداری سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەت لە سوپا و دەزگاکانی هەواڵگری و ئاسایش و ئیستیخبارات، هەروەها بۆ ئەم مەبەستە گروپی چەکدار یاخود میلیشیاکان و دەستەو تاقمی نهێنی و نافەرمی تەشکیل دەکرێن. بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە جەنگی ناوخۆ و ململانێی تائیفی و نەتەوەییان تیدایە، تاکو دەوڵەت لەڕێگای ئەو دەستە چەکدارانەوە تاوانەکانی ئەنجام

بدات و دواتر پەردە پۆشیان بکات بە هۆکاری شەڕی ناوخۆ و وەکوو هەوڵێک، کە بەرپرسیارێتی یاسایی نەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت، بە نموونە دەستە چەکدارەکانی جەنجەوید لە دارفور کرانە جیهازی لەناوبردن (سەیدقادر, ٢٠١٩)، و هێزی جاش و موستەشارەکان، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ناوی «فرسان صلاحدین» یان لێنرابوو لەپاڵ «جیش الشعبی» واتە سوپای میللی لە پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال وەکوو جیهازی لەناوبردن بەکارهێنران.

٦. دوورخستنەوە ( التباعد ) Polarization

لە قۆناغی دوورخستنەوەدا پرۆسەی جینۆساید دەگاتە ئاستێکی ترسناک کە ئەگەری ڕوودانی زۆر نزیک دەبێتەوە، کاتێک دەستەدەکرێت بە توندکردنەوەی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بە جیاکردنەوە و پەراوێزخستنی گروپی بەئامانجکراو و هەڵمەتی پروپاگەندە لە ڕێگەی هەڵبەستنی تاوانی جۆراوجۆر لە دژیان، بەنموونە تاوانی خیانەت، هەروەها دروستکردنی ئاژاوە لەگەڵیان و ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتوچۆ و هەڵمەتی گەڕان و پشکنین بۆ چەک. ئەم کردەوانە دەبنە هۆی کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئەو گروپە لەلایەن دەسەلاتەوە و دوورخستنەوەیان لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە. لەم قۆناغەدا دەوڵەت دەست دەکات بە ترساندن و هەڕەشە لە ناوەندی سیاسی ووڵات و بێدەنگ کردنیان و هەڵمەتی دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی ئەندامە میانڕەوەکانی ناو حیزبی دەسەلاتدار و لەناوبردنیان دەستپێدەکات، چونکە ترسی بەرهەڵستیکردن و ڕێگریکردنیان لێدەکرێت لە سیاسەت و پلانی کۆمەڵکوژیەکە. لەپاڵ ئەمە هەڵمەتی لەچەکداماڵینی گروپی ئامانج دەستپێدەکات تاوەکو هیچ دەرفەتێکیان بۆ نەمێنێتەوە بۆ بەرگریکردن لە خۆیان (Bräuer, ٢٠٢٣). پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لەم قۆناغەدا گەیشتە گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگواستن و دورخستنەوەی کەسایەتی ئۆپۆزیسیۆن و کەسوکاری پێشمەرگە بۆ باشووری عیراق و زیندانی کردنیان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (گوڵپی, ٢٠١٦).

٧. ئامادەکاری (التحضیر ) Preparation

لە قۆناغی ئامادەکاریدا ،سەرکردەکانی پلانەکە هەوڵی پەردەپۆشی تاوانەکەیان دەدەن لەژێر ناوی وەک „پاکتاوی ڕەگەزی»، „پاککردنەوە»، „بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر”، „لێدان لە گروپە هەڵگەڕاوەکان”، „بەرگری ڕەوا”، „بەرگری لە خۆکردن” هەروەها بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە، بۆ نموونە „ئەگەر ئێمە ئەوانمان نەکوشتایە، ئەوان دەیان کوشتین”. ئەمەو دەستدەکەن بە کڕینی چەک و جیهازی پێویست بۆ لەناوبردنەکە و ڕاهێنان بە دەستەی تایبەتی کوشتن، (گوڵپی, ٢٠١٦). هاوشێوەی نازیەکان، کاتێک دەستەواژەی „چارەسەری کۆتایی» یان بۆ لەناوبردنی جوەکان بەکارهێنا (NDR, ٢٠٢٢). دوای دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی ئەنفال (کامیل ساجید ئەلجەنابی) لیواروکنی سوپای عێراقی ئەو کاتە، کە گوایە کەسێکی ئیمانداربوو، پێشنیاری کرد ئۆپەراسیۆنەکە بە ناوی سورەتی ئەنفال ناوبنرێت، لە کاتێکدا تێرمی ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە و بە واتای «نێچیر» یاخود «غنیمە» دێت (کوردستانی, ٢٠٢١)، تیایدا هاتووە، کەوا ژن و کچ و منداڵ و ماڵ و مڵکی کافرەکان لە دوای جەنگ دەبێتە غەنیمەتی یاخود موڵکی موسڵمانەکان. ئەمەش بۆ چەواشەکردنی موسڵمانی سوننە و بەدەستهێنانی پشتگیریان بۆ پرۆسەکە کە گوایە ئۆپەراسیۆنەکە دژی میللەتێکی «کافر” ئەنجام دەدات.

٨. سەرکوت کردن، داپڵۆسین (الاظطهاد ) Persecution

قۆناغی چەوساندنەوە بە جیاکردنەوەی ژن کچ لە گەنج و پیاوان و منداڵ لە دایک دەستپێدەکات. ئینجا پرۆسەی برسیکردن، بڵاوکردنەوەی نەخۆشی، پێدانی دەرمانی نەزۆکی، ئەشکەنجە و دەستدرێژی پەیڕەودەکرێت. دەسەڵاتی جێبەجێکاری تاوانەکە لەم قۆناغەدا چاوەڕێی هەڵوێست و بەرپەرچدانەوەی نێودەوڵەتی دەکات، ئەگەر بێدەنگ بوون

ئەوا بەردەوام دەبێت و ڕوون دەبێتەوە، کە دەتوانێت بەردەوام بێت و توشی سزا و لێپێچینەوە نابێت (Stanton, ٢٠٢٣). لەم قۆناغەوە بە ئاشکرا پرۆسەی فێمیساید واتە ژنکوژی لە دژی کچان و ژنان دەستپێدەکات، کە تاوانێکە لە میانەی جینۆسایدەکاندا ئەنجام دەدرێت، هەروەها زەوتکردنی پارە و ئاڵتون و شتومەکیان (جمال, ٢٠٢٣). لەو بەڵگانەی دەست دادگاکانی عێراق کەوتوون، کە ئیدانەی ڕژێمی بەعس و سەرانی دەکات بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دژی گەلی کورد، تۆمارێکی دەنگیی (عەلی حەسەن مەجید) بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس، تێیدا دەڵێت: «هەموویان بە چەکی کیمیایی دەکوژم. کێ ئیدانەی دەکات؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ نەفرەت لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرکەسیش کە گوێیان لێ دەگرێت.» (ڕزگار, ٢٠٢٢)

٩. لەناوبردن (الإفناء ،الإبادە ) Extermination

قۆناغی لە ناوبردن سامناکترین قۆناغی جینۆسایدە کە چیتر ڕاگرتن و ڕێگریگرتن لێی کارێکی زۆر گران دەبێت و بەخێرایی دەچێتە قۆناغی کۆمەڵکوژییەوە. قوربانیەکان تەواو داماڵراون لە سیفەتی مرۆڤبوون و لە ڕوانگەی جیهازی جێبەجێکردن و سەرانییەوە شایەنی ژیان نین و دەبێت لە پرۆسەیەکی خێرادا لەناوببرێن. پێشتر شوێنی لەناوبردن و شاردنەوەشیان دیاری کراوە (Stanton, ٢٠٢٣). هەروەک چۆن لە پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفالدا گۆڕی بەکۆمەڵ پێشتر بە شۆفڵ هەڵکەنرابوو و ئامادەکرابوو بۆ شاردنەوەی قوربانیان لە دوای گوللەبارانکردنیان لە لێواری چاڵەکاندا، و تیمی تایبەت بە کوشتن ئامادەکرابوو بۆ زیندەبەچاڵکردنی قوربانیەکان. لێرەدا هیچ جۆرە ڕێورەسمێکی ناشتن و کفن و دفن لەگەڵ تەرمەکاندا ناکرێت، چونکە پێشتر لە سیفەتی مرۆڤبوون داماڵراون و حسابی ئاژەڵ و بوونەوەری زیانبەخشیان بۆ کراوە، کە دەبێت لەناوببرێن. هاوشێوەی جوەکانی ئەوروپا، کە زۆربەیان لە کابینەی گازی ژەهراویدا لەناوبران و لاشەکانیان لە کورەی ئاگردا سوتێنران (گوڵپی, ٢٠١٦). بەهەمان شێوە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کاتێک هەرزەکار و پیاوانیان لە ژنان و کچان و منداڵانی پچوک جیاکردەوە، بەتایبەت لە گوندی کۆچۆ ی باشوری شەنگال، بە شێوەیەکی سیستماتیک بە ئۆتۆمبێلی جۆری کیا گواستیاندنەوە بۆ گۆڕەبەکۆمەڵەکان، کە پێشتر بۆیان هەڵکەندبوون و دوای گولەبارانکردنیان گریان بەردایە تەرمەکانیان. تەنها لە کۆچۆ نزیکی ٤٠٠ چوارسەد هەرزەکار و لاو پیریان بە چوار قۆناغ بەو شێوەیە کۆمەڵکوژ کرد.

١٠. نکوڵیکردن (الإنکار) Denial

جینۆساید بە کوشتن یاخود لە ناوبردنی قوربانییان کۆتایی پێنایەت، بەڵکوو لایەنی جێبەجێکار بەردەوامە لە ئەنجامدانی تاوانەکە دژی قوربانییان و کەس و کاریان، ئەویش لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتی نکوڵیکردن و شاردنەوە و لەناوبردنی هەموو بەڵگەو و نیشانەیەک، کە ئەم تاوانە بسەلمێنێت. بە پێی لێکدانەوەی ستانتۆن بۆ ئەم قۆناغە، تاوانباران ڕاستییەکان دەشارنەوە بە مەبەستی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی و پاراستنی ئەو دەستکەوتە سیاسی و ئابووریانەی کە لە ڕێگەی کۆمەڵکوژیەکە و تاڵانکردنی ماڵ و موڵکی قوربانییەکان بەدەستیان هێناوە. لەم قۆناغەدا هەوڵ دەدەن ئاسەواری تاوانەکە بە شێوازی جۆراوجۆر بشارنەوە، گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵدەکەنن بۆ سووتاندنی تەرمەکان، بەڵگەنامە و ئەرشیفەکان فڕێدەدەن، کە جینۆسایدەکە بسەلمێنێت و هەڵدەستن بە ترساندنی شایەتحاڵەکان. پاشان ڕەتیدەکەنەوە کە هیچ تاوانێکیان ئەنجامدابێت و زۆرجار قوربانییەکان تاوانبار دەکەن (Stanton, ٢٠٢٣) .

وەک چۆن دیکتاتۆری لەناوچووی عێراق سەدام حسێن لە دانیشتنی پێنجەمی دادگاییکردنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقییەوە لە ئەیلولی ٢٠٠٦، نکوڵی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال کرد و هەوڵی دا بۆ دروستکردنی گومان لە ئیفادەی شایەتحاڵی قوربانییەکان و بەڵگەکانی دادگا، وەکو هەوڵێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو

بەڵگانەی کە بتوانێت ڕوودانی جینۆسایدی ئەنفال بسەلمێنیت (القبس، ٢٠٠٦). چەکدارانی داعش لە میانەی هەوڵی شاردنەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی قوربانیانی کوردانی ئێزدی هەستان بە سوتاندنی تەرمەکان و زۆربەی گۆڕەکانیان دانەدەپۆشی بە مەبەستی بەجێهێشتنی تەرمەکان بۆ سەگی دڕ، کە لاشەکانیان بخوات و چیتر ئاسەواریان نەمێنیت و لە کاتی بۆردومانی بازگە و مۆڵگەکانیان لە لایەن هاوپەیمانان ، هەوڵیان داوە بەڵگە و دۆکیومێنت لەدوای خۆیان بەجێنەهێڵن. بەڵام زۆربەی بەڵگەکانی تۆمەتبارکردنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و هێزی دیکەی، بەشداری پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ و دەوروبەریان کردبوو (امین، ٢٠٢٣).

## دووەم: تاوانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد لە کوردستانی عێراق

دەکرێت سەدەی بیستەم بە سەدەی جینۆسایدی میللەتی کورد و داپڵۆسین و سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی ئەم میللەتە لە پێناو سەربەخۆیی ناوببرێت. هەر لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی، پلانی جینۆسایدی میللەتی کورد دارێژراوە، ئەوەبوو ڕاپەڕینەکانی دژی سیاسەتی کۆلۆنیالی ئینگلیز و سیاسەتی داگیرکاری و کۆمەڵکوژی و هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی ناسنامەی نەتەوەیی لە لایەن ڕژێمی بەعس لە عێراق و ڕژێمەکانی ئێران و سوریا و تورکیا، بەوپەڕی توندوتیژی سەربازی سەرکوت کراون و سیاسەتی ڕاگواستن و دورخستنەوە و سڕینەوەی ناسنامە دژی دانیشتوانی کورد لە سەرتاسەری کوردستانی گەورە پەیڕەوکراوە (جمال, ٢٠٢٣). دەوڵەتی عێراقی بەدرێژایی مێژووی خۆی و تەواوی نەوەکانی بەدەست ململانێ و جەنگ و توندوتیژی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنن. (یان کولمان) (Jan Kuhlmann) بەڕێوەبەری پێشوی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئاژانسی ڕۆژنامەوانی ئەڵمانیا (dpa) و بەڕێوەبەری کەناڵی دۆیتچە ڤێلە DW، بەشی عەرەبی، عێراق وەسف دەکات بە وڵاتێکی ماندوو، کە تەواوی نەوەکانی جگە لە شەڕ و دیکتاتۆرییەت و گەمارۆ و توندوتیژی هیچی تر نازانن و کۆمەڵگەکەی ڕۆژانە تووشی زەبر و زەنگ دەبێتەوە (Kuhlmann, ٢٠١٥). پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەیان ساڵە لەژێر هەڕەشەی دوورخستنەوە و پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژیدان.

لەسەردەمی حوکمی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوە بە سەرکردایەتی دیکتاتۆری لەناوچوو (سەدام حسێن) و لە سەر دەستی حوکمڕانییەکانی پێشوتریشدا، گەورەترین کاریگەری سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و دورخستنەوە و پەراوێزخستن و پاکتاوی نەژادی و قەتڵوعامکردن بەتایبەت لە دژی گەلی کورد بووە بە فەیلی و ئێزدی کاکەیی و هتد. ئاماژەکردن بە دەقی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو تاوانانەی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدراون نموونەیەکی ئاشکرای تاوانی جینۆسایدن، کە لەلایەن دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و سیستمە نێودەوڵەتییەکانی دیکەوە ئاماژەی پێکراوە. ئۆپەراسیۆنەکانی ڕاگواستن و ئاوارەبوون و نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و کردەوەی گۆشەگیرکردنی دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکان، دەتوانرێت بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی جینۆساید هەژمار بکرێت، وەک لە ڕێککەوتن و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا پێناسە کراوە، کە دواییناین پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکانە لە ساڵی ٢٠١٩ برگەی (١ (A/ی مادەی (٧) ئاماژەی بەوە کردووە، کە هەموو ئۆپەراسیۆنێکی ئاوارەبوون یان گواستنەوەی زۆرەملێ، خۆی لە خۆیدا تاوانێکی دژبەمرۆڤایەتییە. هەروەها تاوانی پاکتاوی نەتەوەیی بە شێوەیەکی سیستماتیک، کە لە چوارچێوەی هێرشی دووبارە بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان ئەنجامدراوە و زەوتکردنی ئازادی جەستەیی و زیندانیکردن یەکێکە لەو تاوانانەی کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی برگەی (١/هـ)دا لە مادەی (٧) وەک تاوانی دژبەمرۆڤایەتی هەژماردەکرێن (احسان، ٢٠١٧). دوای ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆی ١٦ شانزە دۆسییەی کورد لە دادگای

باڵای تاوانەکانی عێراق، تەنیا ٦ شەش دۆسییە یەکلایی کرانەوە، لەوانە: کۆمەڵکوژی فەیلییەکان و بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالی گەلی کورد بە جینۆساید ناسێندران. هەرچەندە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ٢٠١١/٥/٣ دا بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی تاوانەکەی داوە، بەڵام بە فەرمی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە بە جینۆساید نەناسێندراوە و تاکو ئێستا حکوومەتی عێراقی داوای لێبووردنی لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و بارزانییەکان نەکردووە و قەرەبوو نەکراونەتەوە (کوردستانی, ٢٠٢١).

١) جینۆسایدی ئەنفال لە کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٨٨

جێبەجێکردنی پلانی داگیرکردن و وێرانکردنی کوردستانی عێراق و دانیشتوانی لەسەر دەستی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس گەیشتە لوتکەی توندوتیژی و دڕندەیی بە دەستپێکردنی گەورەترین شاڵاوی سەربازی لە مێژووی ناوچەکە بۆ سەر دانیشتوانی گوند و شار وشارۆچکەکانی کوردستان بە فەرمی لە شوبات تاکو ئەیلولی ١٩٨٨ لە ژێر ناوی پرۆسەی ئەنفال، کە لەسەر دەستی هەردوو فەیلەقی یەک و دوو و پێنجی سوپای عێراقی، هێزەکانی پاسەوانی کۆماری (الحرس الجمهوری)، هێزی تایبەت ناسراو بە (قوات خاصة) و سوپای میللی (الجیش الشعبی) و میلیشیای کوردی لە جاش و موستەشار لە ژێر ناوی (فرسان صلاحدین) لە هەشت قۆناغدا جێبەجێکرا (احسان، ٢٠١٧، pp. ١٧٥-١٧٨)

١ . ئەنفالی یەک ١٩٨٨/٢/٢١ -١٩٨٨/٣/١٨

یەکەم قۆناغی پرۆسەی ئەنفال بە بۆردومانی ئاسمانی دەستپێکرد. هێزەکانی فەیلەقی یەک بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (سوڵتان هاشم)، وەزیری بەرگری ئەو کاتە، هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و خاڵە بەرگرییەکانی لە سەرگەڵو و بەرگەڵو. ئەو ڕووبەرەی کە ئەم قۆناغەی گرتەوە نزیکەی ١١٥٤ کم٢ (کیلۆمەتر دووجا) بوو.

٢ . ئەنفالی دوو ( ١٩٨٨/٣/٢٣ -١٩٨٨/٤/١)

هێزەکانی هێرشبەری حکومەتی عێراقی دوای کەمتر لە هەفتەیەک لە جێبەجێکردنی ئەنفالی یەک شاڵاویان بردە سەر ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان و دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی. سەرەتا بە کیمیابارانی گوندی سێوسێنان دەستپێکرد و ئەم قۆناغە بۆ ماوەیەکی کەمتر لە ئەنفالی یەک بەردەوام بوو، ئەویش بەهۆی ئەو زیانە زۆرەی بە هێزی پێشمەرگە کەوتبوو لە شەڕی بەرهەڵستی و بەرگریکردن لە گوند و ناوچەکانی بەر ئەنفالی یەکەم کەوتن و دوژمن توانی زووتر زاڵ بێت بەسەرناوچەکەدا، کە نزیکەی ١٤٨٤ کم٢ ی گرتبۆوە.

٣ . ئەنفالی سێ ( ١٩٨٨/٣/٣١ -١٩٨٨/٤/١٨)

ئەم قۆناغە ڕاستەوخۆ (عەلی حەسەن مەجید) ناسراو بە (عەلی کیمیاوی)، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس سەرپەرشتیی دەکرد، کە تایبەت بوو بە بەرپەرچدانەی شۆڕشی پێشمەرگە و گرتنەوەدەستی ئەو ناوچانەی دەسەڵاتی حکوومەتی بەعسی تێدا نەمابوو، بەشێک لە فەیلەقی یەکی سوپای عێراقی لەو ناوچەیەی داگیریان کردبوو، جێگیربوون و سەرجەم ناوچەکەیان خاپوورکرد. دوای ئەوە هێرشەکە بەرەو ناوچەی گەرمیان، ڕۆژهەڵاتی کەرکوک، پاشان کەلار، چەمچەماڵ، باوەنور، کفری، دووز، سەنگاو، و قادرکەرەم بەردەوام بوو و زۆربەی ناوچە گوندنشینەکان داگیرکران. هەربۆیە ئەم قۆناغە بە گەورەترین و کاریگەرترین قۆناغ دادەنرێت، کە بە „ئەنفالی ڕەش" ناسراوە و نزیکەی ٣٢٧٣ کم٢ گرتەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم قۆناغە وێرانکردن و سڕینەوەی ژیان و بوونی گوندە کوردستانییەکان بوو بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەم میللەتە و پاشان تەواوکردنی پلانەکانی بەعەرەبکردن لە ناوچەکەدا، کە لەمێژ بوو دەستی پێکردبوو. هەندێک سەرچاوە

باسیان لەوە کردووە کە نزیکەی ١٥٠ سەد و پەنجا هەزار کەس لە کۆی ١٨٢ سەد و هەشتا و دوو هەزار کەس لەم قۆناغەدا بێسەروشوێن کراون.

٤ . ئەنفالی چوار (١٩٨٨/٤/٢٠- ١٩٨٨/٥/٥ )

ئەم قۆناغە بە ئەنفالی خاڵخالان ناسراوە بە کیمیابارانکردنی گۆپتەپە و عەسکەر و حەیدەربەگ دەستیپێکرد و سەرجەم ئەو ناوچانەی لەخۆگرتبوو کە دەکەونە هەردوو بەری ناوچەکانی زێی بچووک، لە زێڕاندوڵەوە تا نزیک پردێ، کۆیە، تەقتەق، ئاغجەلەر، چەمی ڕەزان، ناوشوان و دەوروبەری چەمچەماڵ و ڕووبەری نزیکەی ٢٨١٨ کم٢ گرتەوە و ٢٣٧ دووسەد و سی وحەوت گوند لەم ناوچەیە خاپوورکران و نزیکەی ٦٠٠٠ شەش هەزار کەس ئەنفالکران (شوانی, ٢٠٢٣).

. ٥ئەنفالی پێنج ( ١٩٨٨/٥/٢٣) ، ئەنفالی شەش و حەوت ( تەموز تاکوو ١٩٨٨/٨/٣١)

ناوچەکانی خۆشناوەتی و شەقڵاوە و ڕەواندز و خەلیفان کەوتنە بەر ئەم شاڵاوە و لەم قۆناغەشدا دۆڵی بالیسان و گوندەکانی نازەنین و سماقوڵی و ئەسپینداره و عەلیاوە و کامووسەک بەر بۆمبی کیمیایی درا و شاڵاوەکە بەردەوام بوو بۆ سەر دۆڵەکانی مەلەکان و وەرتێ و هیران و سماقوڵی و بالیسان، تێکڕا ٥٢ پەنجا و دوو گوند لە ناوچەکانی خەلیفان و ڕەواندز و خۆشناوەتی وێرانکران.

لەم قۆناغەدا سێ شاڵاوی ئەنفال هاوتەریب ئەنجام دران بەمەبەستی داگیرکردنی زۆربەی ناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای هەولێر، کە نزیکەی ٢٨١٨ کم٢ گرتبۆوە. ڕژێمی بەعس لە بەیاننامە سەربازییەکانیدا ئەم قۆناغەی بە قۆناغی پاککردنەوەی ئەو ناوچەیە لە «المخربین» واتە «تێکدەرەکان” وەسف کردووە، کە بەتایبەت پێشمەرگە و بەگشتی کوردی پێ ناو نابوو (شوانی, ٢٠٢٣).

٧. ئەنفالی هەشت ( ١٩٨٨/٨/٢٥- ١٩٨٨/٩/٦)

دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ ئێران لە ١٩٨٨/٨/٨ و کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران، فەرماندەیی گشتی عێراقی بارگرانی ئەو جەنگەی لە کۆڵ بۆوە، ئیتر هەموو هێزی خۆی تەرخانکرد بۆ تۆڵەسەندنەوە لە کورد. ئەوەبوو دەستی کرد بە شاڵاوێکی بەرفراوان، وەکو ڕژێم ناوی لێنابوو „کۆتایی ئەنفال” بۆ سەر ناوچەی بادینان لە باکووری موسڵەوە تاکو ئامێدی، ئاکری، زاخۆ، شێخان، دهۆک تا سنووری تورکیا. بەهەمان شێوەی قۆناغەکانی پێشو ئەم هێرشە بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەستیپێکرد و ٤٥٠ چوار سەد و پەنجا گوند خاپورکران و نزیکەی ٣٢٠٠٠ سی و دوو هەزار مرۆڤی کورد ئەنفالکران. لە دوای ئەم قۆناغە فەرماندەیی گشتی کۆتایی هاتنی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی ڕاگەیاند و بە دەستکەوتی سەرکەوتنی تەواو بەسەر „کوردی دوژمنی» دا ناوبرد، لەهەمان کاتدا بڕیاری لێبوردنی بۆ دانیشتوانی ناوچە ئەنفالکراوەکان ڕاگەیاند، کە ئامانجی شاراوەی لە پشت بوو، تاکو ئەوانەی دەربازببوون یاخود خۆیان حەشاردابوو باوەڕ بێنن بەو لێبوردنەو خۆیان ڕادەستی سوپاکە بکەنەوە، ئەوەبوو ئەوانیشیان بەرەو دوا ویستگەی مەرگ برد لە جینۆسایدی ئەنفالدا (شوانی, ٢٠٢٣).

٢) جینۆسایدی کوردانی ئێزدی لە شەنگال و دەوروبەری ساڵی ٢٠١٤

لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردودا، کوردانی ئێزیدی لەسەر دەستی دەسەڵاتە جیاجیاکانی عێراق و ناوچەکە دووچاری دوورخستنەوە و ڕاونان و قەتڵوعام بوونەتەوە. بە پێی سەرچاوەکان کە زیاتر لە بیرەوەری و گێڕانەوە وەگیراون، ئێزیدییەکان لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەت لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامییەوە تاکو ئابی ٢٠١٤، ڕووبەڕووی ٧٤ حەفتا و چوار فەرمانی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، تاکوو ئەم ووشەیە لە فەرهەنگی ئێزدیدا واتاکەی بۆتە «پۆگرۆم” واتە «قەتڵوعامکردن»، کە لە ڕاستیدا مانای فەرمانی فەرمانڕەواکانی سەردەمی حوکمی ئیسلامی لە

ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگەیەنێـت. (فیلیـپ کرینـبرۆوك) سـەرەتای پرۆسـەی چەوسـاندنەوە و قەتـڵ وعامکردنـی ئێزدیـەکان دەگەڕێنێتـەوە بـۆ نزیکـی سـاڵی ١٤١٥ زاینـی (Kreyenbroek, ١٩٩٥).

لـە ڕوانگـەی ئیسـلامەوە، ئێزیدییـەکان „ئەهلـی کیتـاب" نیـن. نەبوونـی وەحـی خودایـی ئێزیدییـەکان لـە ڕوانگـەی ئیسـلامەوە لاواز دەکات. جـوەکان و مەسـیحییەکان کـە تـەورات و کتێبـی پیرۆزیـان هەیـە، لـە لایـەن ئیسـلامی ڕادیکاڵـەوە ڕێگەیـان پێدەدرێـت باوەڕەکەیـان بپارێـزن، بـە مەرجێـک باجـی جیزیـە بدەنـە موسـڵمانەکان لەبەرامبـەر پاراسـتنیان. لـە بەرامبـەردا ئێزیدییـەکان مافـی ژیانیـان لـە دەوڵەتـی ئیسـلامی داعشـدا نەبـوو (Durm, ٢٠١٤). لـە سـەردەمی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانیدا تـورک و هەندێـک جاریـش میرەکوردەکانـی ناوچەکـە بەشـداربوون لـە قەتڵوعامـی کوردانـی ئێزیـدی و لـە هەندێـک حاڵەتـدا ناچاریـان دەکـردن ببنـە موسـڵمان، ئەگینـا دەیانکوشـتن. لـە سـەرەتای سـەردەمی دەوڵەتـی عوسـمانیدا، ئێزیدییـەکان هێشـتا دەسـەڵاتدار بـوون، ئەوەبـوو کوردێکـی ئێزیـدی کرایـە «ئەمیـری کـورد». بـەڵام بـە تێپەڕبوونـی کات کاریگەرییەکـە کـەم بـووەوە، بەتایبەتـی بەهـۆی پرۆسـەی بـە موسـڵمانکرنی زۆرەملێـی ئێزدیەکانـەوە، ژمارەیـان کـەم دەبـۆوە (Ghareeb, ٢٠٠٤). بەپێـی ڕاپۆرتێکـی ڕێکخـراوی کۆمەڵگـەی گەلانـی هەڕەشـەلێکراو (Gesellschaft für bedrohte Völker) سـاڵی ٢٠١٩، مەزەنـدە دەکرێـت کـە لـە سـەدەی ١٢دوانزەیەمـی زاینییـەوە تاکـوو ئێسـتا نزیکـەی ١٨٠٠٠٠٠ یـەک ملیـۆن و هەشـت سـەد هـەزار ئێزیـدی بەزۆرەملـێ ناچارکـراون ئاینـی خۆیـان بگـۆڕن بـۆ ئیسـلام و نزیکـەی ١٢٠٠٠٠٠ یـەک ملیـۆن و دووسـەد هەزاریشـیان لـە پرۆسـەی جینۆسـایدکردنیاندا کۆمەڵکـوژ کـراون (Kizilhan, ٢٠١٩).

دوای ئـەوەی سـوپای عێراقـی لـە حوزەیرانـی ٢٠١٤ لـە موسـڵ و هێـزە کوردیـەکان لـە شـەنگال کشـانەوە، ڕێگـە بـۆ چەکدارانـی داعـش خـۆش بـوو، پـەل بـۆ ناوچەکانـی دیکـە بهـاون و بەهۆیـەوە زیاتـر لـە ٣/١ یـەك لەسـەر سـێی خاکـی عێراقیـان کەوتەدەسـت (شـەریف, ٢٠٢٢). ئەوەبـوو لـە ٣ی ئابـی ٢٠١٤ هـەزاران چەکـدار سـەر بـە ڕێکخـراوی بەنـاو دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و سوریا (داعـش) هێرشـیان کـردە سـەر ناوچـەی سـەرەکی نیشـتەجێبوونی کوردانـی ئێزیـدی لـە شـەنگال دەوروبـەری. چەنـد هەفتەیـەک پێشـتر داعـش شـاری موسـڵی داگیرکردبـوو و ژمارەیەکـی زۆر چەکـی قـورس و مۆدێرنـی دەسـتکەوتبوو، کـە لـە ئەنجامـی پاشەکشـێی هێـزی سـوپای عێراقـی لـەو ناوچەیـە بەجێهێڵرابـوون. هەڵمەتـی کۆمەڵکـوژی سیسـتماتیکی کوردانـی ئێـزدی لـە لایـەن سـەرکردەکانی دەوڵەتـی ئیسـلامی داعشـەوە پێشـتر پلانـی بـۆ داڕێژرابـوو. ئەوەبـوو بـە شـێوەیەکی سیسـتیماتیک پیـاوان و هـەرزەکاران لەگـەڵ زۆرێـک لـە ژنانـی بەتەمـەن لـە ژنانـی گەنـج و کـچ و منداڵـە بچووکـەکان جیاکرانـەوە و زۆربەیـان گوللەبـاران کـران و خرانـە نـاو نزیکـی ٨٣ هەشـتا و سـێ گـۆڕی بەکۆمەڵـەوە. بـەم شـێوەیە ژمـارەی کـوژراوان گەیشـتە نزیکـەی ١٠ دە هـەزار کـەس. ژن و کـچ و منداڵانیـش کـە ژمارەیـان گەیشـتە زیـاد لـە ٧٠٠٠ حـەوت هـەزار ڕفێـنران و دواتـر گوازرانـەوە بـۆ موسـڵ و سـوریا و لـە بـازاڕی تایبـەت و هەندێـک جـار بـە ئۆنلایـن وەکـو کۆیلـە چەندیـن جـار فرۆشرانـەوە. هەندێکیـان لەژێـر ئەشـکەنجە و هەڕەشـەی کوشـتندا ناچـار کـران ببنـە موسـڵمان. داعـش لەلایـەن خۆیـەوە بـە کۆیلەکردنـی ژنـان و منداڵانـی ئێزیـدی بـە شـەرعی و ڕەواکـرد، ئەویـش لەڕێگـەی ڕاپۆرتێکـەوە کـە گوایـە لـە ڕووی مەزهەبییـەوە وەک غەنیمەتـی شـەڕ جائیـزە مامەڵەیـان پێوەبکرێـت. لـە ئەنجامـی شـاڵاوی دڕندانـەی داعـش زیـاد لـە ٤٠٠٠٠٠ چوارسـەد هـەزار ئێزیـدی لـە زێـدی خۆیـان هەڵهاتـن و مـاڵ و خـاک و زۆربـەی زۆری پەرسـتگەکانیان خاپورکـران و تاکـو ئێسـتاش نزیکـەی ٢٠٠٠٠٠ دووسـەد هـەزار کـوردی ئێـزدی لـە کەمپەکانـی ئاوارەکانـی هەرێمـی کوردسـتان ژیـان بەڕێدەکـەن و نزیکـی ٢٧٠٠ دوو هـەزار و حـەوت سـەد ژن و کـچ و منـداڵ بێسەروشـوێنن (Othmann, ٢٠٢٣) .

٣) سیاسەت و میکانیزمی جێبەجێکردنی تاوانی جینۆساید لە دژی گەلی کورد

جینۆسایدی گەلی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و عێراق بەدرێژایی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لەلایەن ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتەکانی پێشوتری عێراقەوە، لە ڕێگەی میکانیزم و سیاسەتی جۆراوجۆری داپڵۆسین و دورخستنەوە و پەراوێزخستن و لەناوبردنەوە ئەنجامدراوە، لەوانە:

١. توندڕەوی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی

لێشاوی تیرۆری فیزیکی و فکری و سیاسی بەفۆرمی جیاجیاوە لە عێراق هەر لە سەردەمی حوکمی سۆمەرییەکان سەریهەڵداوەو تائێستاش ئەو دیاردەیەدرێژەی هەیە. شاڵاوی توندوتیژی و ئیرهاب لەسەردەمی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشورییەوەبیگرەبۆ حوکمی ئەمەویی و عەباسیی و مەغۆل و مەمالیکەکان دواتریش لەسەدەی بیستەم دا تیرۆری فیکری عەقائیدی لەنێوان هەردوو پێکهاتەی عەرەبی شیعە و سوونەڕەوتی بەکۆمەڵکوشتنی وەرگرت، ئەم ململانێیە پرۆسەی کۆمەڵکوژی خێراتر کرد (مەنمی, ٢٠١٩). بەتایبەت لە سەردەمی ڕژێمی بەعس، کاتێک دەسەڵاتی ڕەهای خستە دەست خۆی. ڕژێمەکەی لە ڕووی سیاسییەوە لەسەر بناغەی پاڵپشتی و وەلای مەزهەبی عەرەبی سوننەی عێراق بونیادنابوو. ئەوەبوو پێکهاتە ئاینییەکان و مەزهەبییەکانی دیکەی عێراق مافی ئەوەیان نەبوو بە ئازادی بیروباوەڕی ئاینی خۆیان پراکتیزە بکەن، بەتایبەت کوردانی ئێزدی و عەرەبی شیعە، تەنانەت لە کاتێکدا دانیشتوانی مەسیحی جۆرە ئازادییەکی سنورداریان هەبوو بۆ پراکتیزەی بیروباوەڕی ئاینییان، بەڵام ئەوەش پابەند بوو بە پابەست بوونیان و پاڵپشتییان بۆ ڕژێمی بەعس و سیاسەتەکەی. محەمەد ئیحسان دەڵێت: „سیاسەتی توندڕەوی ناسیۆنالیستی ئەوە پشتراست دەکاتەوە کە پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە، ئەنجامی پاکتاوکردنی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە، ئەم کردەوانە ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بن، بە ئاسانی دەگەنە ئاستێک کە درێژدەبێتەوە بۆ سنووری جینۆساید" (احسان، ٢٠١٧).

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش پەیڕەوی سەختی سیاسەتی توندڕەوی دەکرد بەتایبەتی ئاینی و مەزهەبی لە دژی هەموو پێکهاتە ئاینی و مەزهەبییەکانی ناوچەکە، غەیری موسڵمانی سونە و لەچوارچێوەی دژایەتیکردنی کورد و هێزی پێشمەرگە، هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەوڵیداوە لەپێناو چەسپاندنی چەمکی تەکفیر و سەربڕینیان، چەندین بەڵگەی شەرعی بهێنێتەوە، تەنانەت لە کتێبێکیدا بەناوی (پێشمەرگە کۆمەڵی کوفر و ڕیدە)، لە لایەن (السنی الکردی) داعشییەوە نووسراوە و (کۆمەڵی رزگاربوو) ئامادەی کردووە، بەڕوونی دەست بۆ چەمکی تەکفیر براوە و زەمینەی کافرکردنو حەڵالکردنی خوێنی پێشمەرگە خۆشکراوە و تەنانەت باس لە حوکمی شەرعی ئەو کەسانەی کە یارمەتی و هاریکاری پێشمەرگە دەکەن و یاخود پێشمەرگە تەکفیر ناکەن دەکات (تەها, ٢٠١٧).

٢- سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن (تەعریب و تەرحیل) لە دژی گەلی کورد

حوکمڕانە یەک لەدوایەکەکانی عێراق بەشێک بوون لە پلانی پاکتاوی نەژادی و قڕکردنی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە نەتەوەی کوردی موسڵمان و ئێزدی و کوردانی فەیلی و کاکەیی پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە لە مەسیحی و تورکمان و شەبەک و سابیئە و مەندائی و هتد. بەعەرەبکردنی زۆرەملێی ناوچە کوردستانییەکان، کە لە موسڵەوە تا کەرکوک و هەولێر و بەشێک لە سەڵاحەدین و دیالە و کوت درێژدەبێتەوە، پرۆسەیەکی کۆنە و بە هاتنی عەرەب بۆ یەکەمجار لەساڵی ٦٣٧ ی زایینی لە سەردەمی فەتحی ئیسلامییەوە دەستیپێکردووە و بەردەوام بووە لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا لە دوای ساڵی ١٨٧٢ و هاوردەکردنی خێڵە عەرەبەکان بۆ نیشتەجێبوون لەو ناوچانەدا. پاشان تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکانی نەینەوا و کەرکوک لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٥ و

لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٠-١٩٣٥ حکومەتـی عێراقـی لەسـەر دەسـتی (یاسـین ئەلهاشـمی)، سـەرۆک وەزیرانـی ئـەو کاتـە ، یەکـەم بناغـەی پرۆسـەی بەعەرەبکردنـی ڕێکخـراو (عملیـة التعریـب المنظمـة) ی دانـا و عەرەبەکانـی هـۆزی ئەلعوبەیـدی کۆچبـەری لـە ناوچـەی ڕیـاز نیشـتەجێکرد و لـە ڕووی دیمۆگرافیـاوە سـیماکانی کەرکـوک و ناوچەکانـی دەوروبـەری گـۆڕی. لـە سـەردەمی پاشـایەتیدا و پاشـان لـە سـەردەمی حوکمڕانـی یەکەمـی حیزبـی بەعـس لـە سـاڵی ١٩٦٣ ڕەوتـی بەعەرەبکـردن وەکـوو بەشـێک لـە پاکتاوکردنـی گەلـی کـورد بـەردەوام بـوو. لەگـەڵ دەسـتپێکردنی دەسـەڵاتی دووەمـی حیزبـی بەعـس لـە سـاڵی ١٩٦٨ تەنهـا لـە ناحیـەی دبـس ٢٢٠ دوو سـەد و بیسـت گونـدی کـوردی و لـە دەڤـەری کـەرەج و گوندەکانـی دیکـەی ناوچەکانـی شـێخ بزینـی و شـوان ٢٥ بیسـت و پێنـج گونـدی دیکـە بەعـەرەب کـران (احسـان، ٢٠١٧).

لـە ڕاپۆرتێکـی ڕێکخـراوی چاودێـری مافـی مـرۆڤ (Human Rights Watch) ی ئەمریکیـدا هاتـووە، کـەوا دوای دامەزراندنـی هەرێمێکـی ئۆتۆنۆمـی لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە لـە بەشـێک لـە کوردسـتانی عێـراق، حکومەتـی عێـراق بـە زۆرەملـێ نزیکـەی ٢٥٠٠٠٠ دووسـەد و پەنجـا هـەزار کـورد و هاووڵاتیانـی دیکـەی غەیـرە عەرەبـی لـە ناوچەیەکـی فراوانـی باکووری عێـراق ئـاوارە کـرد، کـە لـە خانەقینـەوە لەسـەر سـنووری ئێـران تـا شـەنگال لەسـەر سـنووری سـوریا و تورکیـا درێژدەبێتـەوە (Watch, ٢٠٠٤). شـێوازێکی دیکـەی سیاسـەتی بەعەرەبکـردن لـە لایـەن ڕژێمـی حوکـم لـە عێـراق بریتـی بـوو لـە (تصحیـح القومیـة) واتـە (ڕاسـتکردنەوەی نەتـەوە)، کاتێـک نـاوی هەندێـک لـە خێـڵ و عەشرەتـە کوردەکان بـە زۆرەملـێ گـۆڕدرا بـە نـاوی عەرەبـی، ئەگەرنـا خاوەندارێتـی خانووبـەرە و موڵکەکانیـان نەدەکـرا بـە ناویانـەوە و کاروباریـان لـە دامودەزگاکانـدا نـەدەڕۆی بەڕێـوە. ئـەم سیاسـەتە لـە دژی حـەوت خێڵـی کـوردی جێبەجێکـرا، ئەوانیـش زەرکـوش، قەرەلـوس، کاکـی، کەرکـەش، سـورمێری، ئارکـوازی، و هەمەوەنـدی بـوون کـە بـە (العشـائر السـبعة) نـاسراون (رمضـان، ٢٠٢١).

لـە پـاڵ سیاسـەتی بەعەرەبکـردن ڕژێمـی بەعسـی لەناوچـوو و لـە چوارچێـوەی جێبەجێکردنـی سیاسـەتی پاکتـاوی نـەژادی دژ بـە کوردانـی ئێـزدی و فەیلـی ، هەسـتا بـە هەڵمەتـی ڕاگواسـتنیان، لـە دوای زەوتکردنـی زەوی کشـتوکاڵی و مـاڵ و سـامانیان و دواییـش هاوردەکردنـی هاوڵاتـی عـەرەب و نیشـتەجێکردنیان لـە گونـد و شـارۆچکە داگیرکراوەکانیـان. بـەو شـێوەیە لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٦٩-١٩٧١) نزیکـەی ( ٧٠٠٠٠) حەفتـا هـەزار کـوردی فەیلـی لـە پرۆسـەیەکی بەرفراوانـدا لـە لایـەن دەسـەڵاتی ڕژێمـی بەعسـەوە لـە زێـدی خۆیـان دوورخرانـەوە و ڕاگوێـزران بـەرەو وواڵتـی ئێـران و ناوچەکانـی دیکـە. پاشـان لـە سـاڵی ١٩٨٠ نزیکـەی ( ٥٠٠٠٠٠ ) پێنـج سـەد هـەزار کـوردی فەیلـی بەبـێ هیـچ پاسـاوێکی یاسـایی بوونـە قوربانـی، لـە نێـوان ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار بـۆ ١٥٠٠٠ پانـزە هـەزار گەنجـی فەیلـی لـە زیندانـە نهێنییەکانـی بەعسـدا دەستبەسـەرکران و دواتـر لـە گـۆڕی نادیـاردا کۆمەڵکـوژ کـران. تەنهـا تاوانـی ئـەوە خرایـە پاڵیـان و کرایـە بیانـووی پرۆسـەکە، کـە گوایـا هاوڵاتـی عێراقـی نیـن، بەڵکـوو ئێرانیـن (احسـان، ٢٠١٧).

٣- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی

سـوپای عێراقـی بەدرێژایـی جەنگـی عێـراق- ئێـران لـە بۆردومانکردنـی پێگەکانـی سـوپای ئێـران بـۆ نزیکـی ٢٥٠ دووسـەد و پەنجـا جـار گازی ژەهـراوی، جـۆری خەردەلـی بەکارهێنـاوە. بـەڵام لـە دوای نیسـانی سـاڵی ١٩٨٧ ەوە کەوتـە بۆمبارانکردنـی خەڵکـی سـڤیلی شـار و گوندەکانـی کوردسـتان بـە چەکـی کیمیایـی. تاکـوو کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٨ سـوپای عێراقـی نزیکـەی ٤٠ چـل جـار ئـەم چەکـە قەدەغەکـراوەی لـە دژی گەلـی کـورد بەکارهێنـاوە. هـەر وەک ڕۆژنامـەی نیویـۆرک تایمـز نووسـیویەتی، کـەوا لـە دوای هۆلۆکۆسـتەوە یەکـەم جـار بـووە کـە گازی ژەهـراوی دژی ژنـان و منـداڵان بەکارهێنرابێـت (Medicointernational,٢٠١٣)). بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی لـە قۆناغەکانـی ئەنفـال گەیشـتە لووتکـەی، ئەوەبـوو ڕژێـم بـە بـێ سـڵکردنەوە، هـەر بەرگرییـەک یـا کۆسـپێک لـە شـوێنێک بهاتبایاتـە پێشـی، ئـەوا بـە چەکـی کیمیـاوی چارەسـەری

دەکرد. ئەوەبوو لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٧ەوە هێرشی کیمیایی بۆ سەر ناوچەکانی سۆران و ڕەواندز و دووکان و سەرچنار و گوندەکانی مەرگە و پشدەر دەستپێکرد. ئەم هێرشە کیمیاییە بەردەام بوو تاکو ١٦ ئاداری ١٩٨٨، کاتێک حەوت فڕۆکەی جەنگی بۆمبارانی شاری هەڵەبجەیان ئەنجامدا، بە بۆردومانی شارەکە و دەوروبەری بە مووشەک و ناپاڵم و بەکارهێنانی بۆمبی کیمایی، کە هەڵگری سەری کمیایی بوون، لە گازە ژەهراوییەکانی خەردەل، سارین، ڤی ئێکس و تابون. بەپێی سەرژمێری و ئامارێکی نافەرمی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، ٥٤٦٠ پێنج هەزار و چوارسەد و شەست قوربانی تۆمارکراوە، ئاماری بریندارەکانیش کە لە ١٤ چوارده کەمپی چارەسەری ئێران وەرگیراوە، کە دەگاتە ٨٠٠ ١٢ دوانزە هەزار و هەشت سەد کەس، کە دوای شاڵاوەکە لە ئێران چارەسەرکراون و بەشێکیان گیانیان لەدەستداوە و هەر لە ئێران بەخاک سپێردراون. ئەمە و ڕژێمی بەعس پێکهاتەی ژەهراوی لەسەر چەندەها زیندانی کورد لە خەڵکی سیڤیل تاقیکردۆتەوە بە هەمان شێوەی نازیەکان ، کاتێک تازەترین جۆری ژەهریان لەسەر زیندانییە جوەکان تاقیدەکردەوە. هەروەها داعش لەلای خۆیەوە توانیوێتی غازی خەردەل ناسراو بە (خەردەلی کبریت) بەرهەم بهێنێت کە دواتر لە ئاداری ٢٠١٦ بۆ لێدانی شارۆچکەی تازەخورماتوو لە پارێزگای کەرکوک لە ڕێگەی چل مووشەکەوە بەکاری هێناوە (رئووف, ٢٠٢١).

٣. سیاسەتی وێرانکاری

هەڵمەتی ئەنفال بە بۆردومانی ناوچەکە بە تۆپ و مووشەک دەستی پێکرد، بە پاڵپشتیی چڕوپڕی هێزی ئاسمانی. لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکە بریتیبوون لە خەڵکی سیڤیل و بێ بەرگری گوندەکان، کەوا پێویستی بەم بۆردومانە سەختە نەدەکرد تاکو داگیرکربکرێت (احسان، ٢٠١٧)، بەڵام هێز و جبەخانەیەکی بێشومار لەلایەن سوپای عێراقییەوە بەکارهێنرا بەمەبەستی پێگەیاندنی گەورەترین زەرەر و زیان و وێرانکردنی تەواوی ناوچەکە. ئەوەبوو زیاد لە ٤٠٠٠ چوار هەزار گوند و ٤ چوار قەزا و ٣٠ سی ناحیە وێرانکران و تەواوی ژینگەی ژیانیان لەناوبردرا بە سوتاندنی ڕەز و باخ و خەرمانیان و بەتاڵانبردنی نزیکی ٢٠٠٠٠٠٠ بیست ملیۆن مەڕوماڵات. هەروەها ڕوخاندن و تێکدانی مزگەوتەکان لە گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و مەزاری ئاینی و شوێنەوارەکانی کوردانی ئێزدی لە شەنگال و دورووبەری و تێکدان و شێواندنی بەشێک لە کڵێسەی مەسیحیەکان لە دەشتی نەینەوا بەشێکە لە پرۆسەی جینۆساید، کە ئامانج لێی تێکدان و سڕینەوەی ناسنامە و کولتوری پێکهاتە ئاینییەکانە.

ڤێمیساید (ژنکوژی)

سیاسەتی جینۆسایدی فیزیکی و کولتووری لە کوردستاندا لەسەد ساڵی ڕابردوودا ئەوە دەردەخەن کە جینۆساید لە کوردستاندا بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی ڤێمیساید واتە ژنکوژییەوە جێبەجێکراوە و تا ئێستاش بەردەوامە، بەتایبەت لە هەردوو جینۆسایدی ئەنفال و کوردانی ئێزدی بە ڕوونی دەبینرێت. لە کاتێکدا پیاوان لە پرۆسەی جینۆسایدکردندا بەزۆری قوربانی کوشتنی بەکۆمەڵی جەستەیی بوون، دەبینین کە پرۆسەی ڕیشەکێشکردن، لەناوبردنی ناسنامە و کولتوری پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی ژنکوژییەوە بەردەوامی پێدراوە (امین, ٢٠٢٣). لە جینۆسایدی ئەنفالدا زۆربەی پیاوان، یان لە کاتی شاڵاوەکەدا یاخود دواتر لە زیندانی و شوێنی لەناوبردنیان کوژران. نێچیر یاخود „غەنیمەتی" سەرەکی ئەنفال ژنان و کچان بوون، بەڵگەکان دەریدەخەن کە هەزاران بەڵکو دەیان هەزار کچ و ژن بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ئۆردوگاکان و زیندانەکان و لە گوندەکانیشدا دەستدرێژییان کراوەتە سەر و دواتر کوژراون و زۆرێک لە کچەکان وەک غەنیمەتی شەڕ فرێنراون. هەندێک لەو کچ و ژنانە لەلایەن سەربازەکان و پیاوانی موخابەراتی عێراقیەوە وەک کۆیلە مامەڵەیان پێوەکراوە و فرۆشراون. لە چەند بەڵگەیەکدا دەرکەوت کە کچانی

کورد تەنانەت فرێندرابوون بۆ وڵاتانی عەرەبی و لەوێ بە شێخ و خاوەن یانە شەوانەکان فرۆشراوبوون. لە بەڵگەی شایەتحاڵەکاندا هاتووە کەوا „سەربازەکان هەموو کچە گەنج و جوانەکانی ناو کەمپەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە و نەیانهێناونەتەوە و نەگەڕاونەتەوە، ڕەنگە دوای دەستدرێژیکردنە سەریان کوشتبێتیانن. تاکو ئێستا کەس نازانێ چییان بەسەر هاتووە». لە پرۆسەی  جینۆسایدی کوردانی ئێزدی لە ئابی ٢٠١٤ دا چەکدارانی داعش زیاد لە ٥٠٠٠ پێنج هەزار کوردی ئێزدی کۆمەڵکوژ کرد و نزیکی ٧٠٠٠ حەوت هەزار کچ و ژن و منداڵی ڕفاندن و لە زیندان و ئۆردوگا و سەربازگە و ماڵی چەکدارەکاندا دوچاری گەورەترین توندوتیژی جەستەیی و دەروونی کردنەوە (Pöls, ٢٠٢٢) تا ئێستا زیاتر لە ٢٨٠٠ دوو هەزار و هەشت سەدیان بێسەروشوێنن (Zeit, ٢٠٢٠).

٥. چاندنی مین

دانیشتوانی کوردستان لە پاڵ بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و ئاوارەبوون و وێرانکردنی زەوی و خاک و کێڵگە و باخەکانیان. ئەوەی کە لە دوای پرۆسەی جینۆسایکردنیان بەجێماوە لە زەوی و شوێنی نیشتەجێبوونیان لە سەرتاسەری کوردستاندا بە ملیۆنان مین چێندراوە، ئەمەش بە مەبەستی سنووردارکردنی هاتوچۆ و نەهێشتنی ئەگەری سوودوەرگرتن لەو زەوییانە بۆ کشتوکاڵ لە دوای گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە. حکومەتی عێراق هۆکاری میرێژکردنی ئەو ناوچانەی دەگەڕانەوە بۆ بوونی جەنگی عێراق- ئێران، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لەو ناوچانە خەڵکی سیڤیل لێی دەژیان و دووربوون لە ناوچەی سەربازییەوە. هەربۆیە پرۆسەی مینرێژکردنی ئەو زەویانە پێشێلکارییەکی ڕوونە بۆ بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە چەکە نادەن، بەتایبەتی لە ناوچە مەدەنییەکان و پێشێلکارییەکی ئاشکرای پەیڕەوی ناوخۆی یاسا نێودەوڵەتییەکان و چوارەمین ڕێککەوتننامەی جنێفی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵی یەکەم و دووەمی ساڵی ١٩٧٧ و ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٨٠یە (احسان، ٢٠١٧، pp. ١٥٣-١٥٤)).

(جەبار مستەفا) سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین لەهەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢١ ئەو زانیاریانەی خستۆتەڕوو، کەوا لە هەرێمی کوردستاندا بەدرێژایی ٦٠ شەست ساڵی ڕابوردوو بەتایبەت لە کاتی جەنگی عێراق- ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٨، زیاد لە ٧ حەوت ملیۆن مین چێنراون، ٦٠٪ لەسەدا شەستیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیانن (لە کۆی ٢٠ بیست ملیۆن مین، کە لە سەرانسەری عێراقدا چێنراون). ئەم مینانە لە دروستکراوی ٣٧ سی و حەوت دەوڵەتن و لە سەردەمی جەنگدا بە عێراقیان فرۆشتووە و بریتین لە دوو جۆر مین، دژە تانک و دژە کەسی، یەکەمیان زیاتر لە ناوچە سنوورییەکان چێنراوە. هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە، کەوا ئەو مینانەی زۆرترین قوربانییان  لێدەکەوێتەوە، جۆری ڤاڵمارای ئیتاڵین، کە تاکوو ئێستا و بە پێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٢١ ، ( ١٣٤٥٦ ) سیانزە هەزار و چوارسەد و پەنجاو شەش قوربانی لێکەوتۆتەوە و زۆربەیان گیانیان لەدەستداوە و ٧٧٦ کم٢ خاکی هەرێمی کوردستان بە مین و پاشماوە جەنگییەکان پیس بووە. ئەوەی ماوەتەوە زیاتر لە  ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن مینە لە ڕووبەری ٢٦٠ کم٢ بڵاوبۆتەوە (رەحیم, ٢٠٢١).

تەوەرەی دووەم: مەترسی هەوڵی جینۆسایدکردنەوەی گەلی کورد

لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی سزادان و قەدەغەکردنی جینۆساید لە ساڵی ١٩٤٨وەتاکو ئێستا گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورە دوچاری مەترسی جینۆساید دەبێتەوە، لە ڕێگەی چەندین پرۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتنامەی جیهانی و ناوخۆیی پرۆسەکانی قڕکردنی کورد ئەنجامدراون. بەتایبەت لە دوای ڕێکەوتننامەی لۆزانەوە، شاڵاوی کۆمەڵکوژی گەلی کورد دەستیپێکرد بەرەو جینۆسایدی دەرسیم، گەلی زیلان، جینۆسایدی شاری عامودا و جینۆسایدەکانی باشوری کوردستان لە ئەنفال و ڕاگواستن و کیمیاباران کردن و تا دەگاتە جینۆسایدی کوردانی فەیلی و ئێزدی.

محەمەد ئیحسان لە توێژینەوەکیدا پرسیاری ئەوە دەخاتەڕوو کە ئایا جینۆساید کۆتایی دێت؟ و دەڵێت، کەوا جینۆساید تاوانێکی دێرینە، لەگەڵ بوونی مرۆڤدایە و لە هەموو سەردەم و لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بەردەوام بووە، ئەوەی گۆڕراوە لەم سەردەمەدا، ئەوەیە ناوێکی وەرگرتووە، ئەویش جینۆسایدە و بە یاسا سزا دەدرێت و زۆرینەی دەروونناس و کۆمەڵناسان پشتڕاستی دەکەنەوە، کە تاکو مرۆڤ لە دنیادا بەردەوام بێت لە ژیان، ئەوا لە مێشک و ڕەفتاریدا ئامادەباشی ئەو تاوانەی تێدا دەمێنێتەوە، هەروەها بە بەردەوامی ململانێکان و پەیڕەوکردنی هەمان سیاسەتی باو لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا ئەگەری ئەنجامدانی جینۆساید بەردەوام دەبێت (احسان، ٢٠١٧، pp. ٢٣-٢٤ ).

یەکەم: مەترسی جینۆسایدی گەلی کورد لە هەرێمی کوردستان و ناوچە جێناکۆکەکان

سەبارەت بە مەترسی کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە عێراقدا (عارف قوربانی) نوسەری بواری جینۆساید، دەڵێت، کەوا دوای کەوتنی سەدام، دەبوو لەسێدارەدانی ببوایەتە عیبرەت بۆ سیاسییەکانی دیکەی عەرەب لە عێراقدا، بەڵام دەەبینرێت، کەوا حاکمییەتی شیعە لە عێراقدا، هەمان ئەو ڕێچکە و هەنگاوانەیان گرتووەبەر کە سەدام و ڕژێمەکەی لە سەرەتاکانی هاتنە سەر حوکمیاندا پێیدا تێپەڕیون. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە لەقاڵبدانی کورد و ئامادەکردنی بۆ توانەوەی وەك جیاوازییەك لەناو کۆمەڵگەی عەرەبی بەشێکە لە ستراتیژ و بونیادی دەوڵەتەکە، نەك تەنها ڕەفتاری دەسەڵاتداری سوننە یان شیعە. بۆیە ئەگەری دووبارە و چەندبارەبوونەوەی تاوانی وەك ئەنفال هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە لەبەردەم دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراقدا (قوربانی, ٢٠١٩).

یەکێک لە مەترسییەکانی دیکەی سەر ئاسایشی بوون و ژیانی پێکهاتەی کورد لە ناوچە جێناکۆکەکان و سەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە، برتییە لە دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بێت، کە لە دەستوری عێراقیدا لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە چەسپاوە، کاتێک دەبوو تاکو ساڵی ٢٠٠٧ ئەو مادە دەستوریە جێبەجێ بکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هاوڵاتییە کوردانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی بە عەرەبکردنی ڕژێمی بەعسدا لەو ناوچانە دەرکرابوون بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و ئەو هاوڵاتییە عەرەبانەی هێندرابوونە ئەو ناوچانە بگەڕێننەوە شوێنی خۆیان. ناوچە جێناکۆکەکان بریتین لە شاری کەرکوك، لەگەڵ شارۆچکەکانی دوزخورماتوو، شەنگال، خانەقین، لەگەڵ چەندین شارەدێ و گوندی سەر بە شاری کەرکوك. ( عومەر، ٢٠١٨)

لەلایەکی دیکەوە هێشتا چەکدارانی ڕێکخراوی داعش جۆرێک مەترسییان لە سەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی پێی دەڵێن «سێگۆشەی مەرگ» کە پارێزگاکانی دیالە، سەڵاح الدین و کەرکووک لەخۆدەگرێت، دروست کردووە، هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ بە فەرمی شکستی هێنا (Nova، ٢٠٢٣ ) بەڵام بە هۆکاری نەبوونی هاوئاهەنگی لەنێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بۆشاییەکی ئەمنی لەو ناوچەیە دروست بووە و بووەتە مۆڵگەی چەکدارانی داعش و هاتوچۆ و خۆڕێکخستنەوەیان. و تەنها لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢١ و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ٩٧٠ هێرشیان ئەنجامداوە و ٣٨١٤ قوربانی لێکەوتۆتەوە لە کوژراو و بریندار و ڕفێندراو (کامیل، ٢٠٢١).

(قوربانی) لە بارەی هەوڵەکانی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و تاوانکارییانەی بەرامبەری ئەنجامدراوە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کەو کورد بە تەنیا ناتوانێ سنوورێك بۆ تاوانکارییەکان دابنێ و بژاردەی دروست کە ڕێگە بە هاوبەشیی جیهان دەدات لە هاوکاریی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تاوانانە، ئەوەیە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی لە ناوەندەکانی بڕیار و سیاسەتی جیهانی وەك تاوانی جینۆساید دانیان پێدابنرێت، هەروەها لە سەلماندنی تاوانەکانی پاکتاوی ڕەگەزی، پاکتاوی کوردە فەیلییەکان، کۆمەڵکوژی بارزانیەکان و هەڵەبجە و ئەنفال. هەریەك لەم

کەیسـانە وەك جینۆسـاید لـە دادگای وڵاتەکـە دانیـان پێدانـراوە و ئەرکـی کـورد ئاسـانتر دەکات لـە باوەڕپێهێنانـی دادگا نێودەوڵەتیـەکان بـۆ ناسـاندنی ئـەم تاوانانـە وەك جینۆسـاید. ئەمـەش پێویسـتی بـە پـلان و هەنـگاوی ورد هەیـە. پێویسـتە کـورد قورسـایی بخاتـە سـەر ئـەم کارە گرنگـە کـە بەپێـی یاسـا و رێسـا کارپێکـراوە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ هـەر گەلێکـی قوربانـی و لـە پێنـاوی رێگریکـردن لـە دووبارەبوونـەوەی تاوانـی جینۆسـاید لـەدژی، دەبێـت پارێزبەنـدی نێودەوڵەتـی بـۆ دەسـتەبەر بکرێـت. تەنها لـەم رێگەیـەوە دەتوانێ بگاتـە ئامانجـە نەتەوەییەکانـی و دڵنیایـی ئەوەشـی دەبێـت کـە ئەنفال دووبـارە نەبێتـەوە. تـا ئـەوەش دەسـتەبەر نەکرێـت، ئـەوا ئەگـەری یاخـود مەترسـی دووبارەبوونـەوەی جینۆسـاید بـەردەوام دەبێـت (قوربانـی, ٢٠١٩).

دووەم: مەترسییەکانی سەر ژیان و ئەگەری کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی لە شەنگال و دەوروبەری

ئـەو ئامارانـەی بـاس لـە کـۆچ و ئاوارەبـوون و قوربانییانـی کۆمەڵکـوژی کوردانـی ئێـزدی دەکات، دەکرێـت وەکـوو زەنگێکـی ئاگادارکردنـەوە بـە هەنـد وەربگیرێـن لـە بـارەی ئـەو مەترسـییە گەورەیـەی لەسـەر بـوون و مانـەوەی کوردانـی ئێـزدی لـە ناوچەکـە، کـە پێکهاتەیەکـی نەتەوەیـی و ئاینـی ڕەسـەنی وڵاتـی عێـراق پێـک دێنـن. کاتێـک بـە پێـی سـەرچاوەکان لەپـاش شـاڵاوی چەکدارانـی داعـش بـۆ سـەر شـەنگال لـە ئابـی ٢٠١٤ ەوە زیاتـر لـە ( ٢٠٠٠٠ ) بیسـت هـەزار ئێزیـدی بـەرەو سـوریا، ( ٣٠٠٠٠ ) سـی هەزاریـان بـۆ تورکیـا و زیاتـر لـە ( ٣٦٠٠٠٠ ) سـێ سـەدو شەسـت هـەزار بـەرەو هەرێمـی کوردسـتان لـە زێـدی خۆیـان هەڵهاتـوون و زیاتـر لـە (٨٠٠٠٠ ) هەشـتا هـەزار ئێزیـدی کۆچیـان کـردووە بـەرەو وڵاتـی ئەڵمانیـا (Kizilhan, ٢٠١٩). (هەروەهـا بـە پێـی ئامـاری نووسـینگەی ڕزگارکردنـی ڕفێنداوانـی ئێزیـدی لـە ١٥ ئایـاری ٢٠٢٣، کـە لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە پەسـەند کـراوە، ١٣٥٨٦٠ سـەدو سـی و پێنـج هـەزار و هەشـت سـەدو شەسـت ئێـزدی بـە ئاوارەیـی لـە نـاو کەمپەکانـی هەرێمـی کوردسـتان و ١٨٩٣٣٧ سـەد و هەشـتا و نـۆ هـەزار و سێ سـەد و سـی و حەوتیـان لـە سەرانسـەری هەرێمـدا دەژیـن (ئێزیـدی، ٢٠٢٣). ڕێـژەی ئەوانـەی گەڕاونەتـەوە ناوچەکـە ٤٢٠٠٠ چـل و دوو هـەزار کەسـە و بـەردەوام لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئاسـتەنگە گەورەکانـن بـۆ دووبـارە بنیاتنانـەوەی ژیانیـان. (سـاندرا ئۆرلۆڤیـچ) لـە ڕێکخـراوی نێودەوڵەتـی کـۆچ IOM لـە عێـراق دەڵێـت: «قەبـارەی ئـەو توندوتیژییانـەی بەرامبـەر کۆمەڵگـەی ئێـزدی ئەنجـام دەدرێـن، کاریگـەری لەسـەر نەوەکانـی داهاتوویـان دەبێـت و پێویسـتە حکوومەتـی عێـراق و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هەلومەرجێـک دروسـت بکـەن کـە ئـەو جـۆرە دڕندەییانـە دووبـارە نەبنـەوە و پشـتگیریان بکـەن لـە بوژاندنـەوە و بونیادنانـەوەی ژیانیـان» (جولـد، ٢٠٢٣).

هەروەهـا (سـەعد سـەلوم)، توێـژەری سیاسـی عێراقـی لـە بەردەوامـی مەترسـی بـۆ سـەر ئاسایشـی کوردانـی ئێـزدی لـە توێژینەوەیەکیـدا دەڵێـت، کـەوا داعـش تەرکیـزی لەسـەر لەناوبردنـی فیزیکـی ناسـنامەی ئێزیـدی کـردووە، بـەڵام ئەکتـەرە سیاسـییەکانی دیکـە بەردەوامـن لـە تێکـدان و هێرشـکردنە سـەر ڕەهەنـدە ناماددیەکانـی ئێزیدییـان لـە (فەرهەنـگ، ناسـنامە و خـاک)ی ئێزیـدی و لـە ڕوانگـەی ئێزدییەکانـەوە، ئەمـە دەچێتـە چوارچێـوەی چەمکـی جینۆسـایدەوە، هەروەهـا ململانێـی سیاسـی لەسـەر ئیـدارەی شـنگال یەکێکـە لـە دەرکەوتەکانـی ئـەم وێرانکارییـە بەردەوامـە.... تـرس لـە گەڕانـەوە و دڵەڕاوکێـی بـەردەوام بوونەتـە تایبەتمەندییەکـی جیاکـەرەوەی کەسایەتی ئێزیـدی (سـلوم، ٢٠٢٢).

ئەگـەر بارودۆخـی سیاسـی عێـراق نەگۆڕێـت و ئێزیدییـەکان هـاوکاری نیشـتمانی و نێودەوڵەتـی وەرنەگـرن، بـۆ نمونـە بـۆ گەڕانـەوە بـۆ ناوچـە نیشـتەجێبوونەکانیان، ئـەوا پێدەچێـت ئەوانیـش کـە ماونەتـەوە لـەم وڵاتـە، لـە دواڕۆژێکـی نزیـک یاخـود دووردا وڵاتەکـە جێبێڵـن (Kizilhan, ٢٠١٩).

بارودۆخـی سـەختی ژیـان لـە کەمپـەکان و تێکچوونـی بارودۆخـی ئابـووری لـە هەرێمـی کوردسـتان کاریگـەری زۆری لەسـەر

ژیانــی ئـاوارەکان دانـاوە و ڕێـژەی هــەژاری لـە نێویانـدا زیـادی کـردووە، ئەمـەش لـە بەرامبـەردا بۆتـە هـۆی زیادبوونـی حاڵاتـی خۆکوشـتن و توندوتیـژی خێزانـی و وازهێنـان لـە منـداڵان و کۆچکـردن. دوای نـۆ سـاڵ لـە لەشکرکێشـی داعـش بـۆ سـەر شـەنگال، زۆرێـک لـە ئێزیدییـەکان هیـوای گەڕانەوەیـان بـۆ زێـدی باووباپیرانیـان کـە بـە ناچـاری بەجێیـان هێشـتبوو، لەبیرنەکـردووە. لێـرەدا گرنگـە بـاس لـە هەندێـک بەربەسـت و ئاسـتەنگی دیکـەی بـەردەم کوردانـی ئێـزدی بکرێـت کـە مەترسـی بـەردەوام لەسـەر مانـەوەی بوونیـان لـە ناوچەکـە بەتایبـەت لـە زێـدی باوباپیرانییـان لـە شـەنگال و دەوروبـەری، لـە هەمـان کاتـدا ئەگـەری دووبارەکردنـەوەی توندوتیژییەکانـی دژیـان زیاتـر دەکات، لەوانـە:

پەرەسـەندنی هەڕەشـەکانی تورکیـا بـۆ دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لـە شـەنگال، هەروەهـا ڕەوانەکـردن و جێگیرکردنـی ٣ سـێ لیـوای هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی لـە شـوبات و ئـاداری سـاڵی ٢٠٢١ بـۆ قـەزای شـەنگال و سـەر چیاکـەی و بۆسـەر سـنووری سـوریا، ئـەو هیوایـە بـە گەڕانـەوەی ئێزیدییـە ئاوارەبـووەکان و سـەقامگیری ئـەو دانیشـتوانە کەمـەی ئێسـتا لـە ناوچـەی شـەنگال لەناودەچێـت.

ونبوونـی بەڵگەنامەکانـی خانووبـەرە و زەوی و موڵـک و ماڵیـان لـە شـەنگال، بژێـوی ژیانیـان سـنووردار دەکات. لـە کاتێکـدا نزیکـەی ٨٥ ٪ ی لـە سـەدا هەشـتا وپێنجـی دانیشـتوانی شـەنگال پێـش سـاڵی ٢٠١٤ بـە کشـتوکاڵەوە خەریـک بـوون و ببـووە سـەرچاوەی بژێوییـان ، ئێسـتاش لـە کاتـی گەڕانەوەیـان بـۆ ناوچەکانـی خۆیـان بـە بـێ بەڵگەنامەیـەک کـە خاوەندارێتـی زەوییەکانیـان بسـەلمێنێت، ڕێگەیـان پێنادرێـت دەسـتیان بـە زەوییـە کشـتوکاڵییەکانیان بـگات (Kizilhan, ٢٠١٩).

چەکدارانـی داعـش سـامانە سروشـتییەکانی شـەنگالیان سـڕیوەتەوە، کەنـاڵ و بیرەکانـی ئاودێرییـان تێکـداوە، کەرەسـتەی کشـتوکاڵییان دزیـوە یاخـود لەناوبـردووە و زەوییـە کشـتوکاڵییەکانیان بـە بولـدۆزەر وێـران کـردووە. لەگـەڵ وێرانکردنـی نزیکـەی ٨٠٪ لـە سـەدا هەشـتای ژێرخانـی گشـتی و ٧٠٪ لـە سـەدا حەفتـای مـاڵ و خانوبـەرەی شـەنگال و دەوروبـەری، کێشـەی نەبوونـی خزمەتگوزارییـە سـەرەتاییەکان، وەکـو دەسـتەبەرکردنی ئـاوی پـاک، کارەبـا، چاودێـری تەندروسـتی و پـەروەردە هاتۆتـە کایـەوە، کـە ڕێگـرە لـە بـەردەم گەڕانـەوەی ئـاوارەکان بـۆ ناوچەکـە (Kizilhan, ٢٠١٩).

لاوازی ئیـرادەی سـەربەخۆ بـۆ کارکردنـی هاوبـەش لـە سـەر کەیسـی ئێزیدییـان، هۆکارێکـی دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی کەیانێکـی حیزبـی یاخـود سیاسـی سـەربەخۆی کوردانـی ئێـزدی خۆیـان، کاتێـک حیزبـە ئێزیدییـەکان لەژێـر دەسـەڵاتی سیاسـی لایـەن و حیزبـە گـەورە عەرەبـی و کوردییەکانـدان و ناتوانـن سـەربەخۆ لـەم لایەنانـە بجوڵێنـەوە. لـە بەغـداش نوێنەرایەتییەکـی سیاسـی لاوازیـان هەیـە ، ئەویـش بـە بوونـی تەنهـا یـەک نوێنەریـان لـە پەرلەمانـی عێـراق لـە ڕێگـەی پشـکێکەوە بۆیـان تەرخـان کـراوە، کـە بریتییـە لـە یـەک کورسـی، ئەمـەش ناهاوتایـە لەگـەڵ ژمـارەی دانیشـتوانی ئێزیـدی لـە وڵاتەکـەدا، لەکاتێکـدا بەپێـی دەسـتووری عێراقـی بـۆ هـەر ١٠٠٠٠٠ سـەد هـەزار دانیشـتووانی عێـراق یـەک کورسـی تەرخانکـراوە (نـوح، ٢٠٢١).

نەمانـی یاخـود کاڵبوونـەوەی متمانـەی ئێزیدییـان بـە دانیشـتوانی عەرەبـی سـونەی دانیشـتووی ناوچـەی شـەنگال و دەوروبـەری، کـە تاکـو پێـش ئابـی ٢٠١٤ دراوسـێ و هاوشـار و هاوگوندەکانیـان بـوون، بۆتـە بەربەسـتێکی بەرچـاو لەبـەردەم گەڕانەوەیـان بـۆ زێـدی خۆیـان، لـە کاتێکـدا هـەر ئـەو عەرەبانـە بـوون کـە زۆریـان بەشـداری ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆیان لـە کۆمەڵکـوژی کوردانـی ئێزدیـدا کـردووە.

بوونـی ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە ژن و کـچ و منداڵانـی ڕفێنـدراو و ونبـوو، کـە هێشـتا چارەنوسـیان نادیـارە. لەپـاڵ بوونـی چەندەهـا گـۆڕی بەکۆمـەڵ، کـە هێشـتا کاری پشـکنین و ناسـینەوەی تەرمـەکان و ناشـتنیان ئەنجـام نـەدراوە.

## تەوەرەی سێیەم: ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید

هەمـوو دەوڵەتێـک ڕووبـەڕووی ململانـێ و درندەیـی و ئەگـەری ڕوودانـی تاوانەکانـی جەنـگ و تاوانـی دژ بـە مرۆڤایەتـی و جینۆسـاید دەبێتـەوە، و ئەرکـی هـەر دەوڵەتێکـە لـە ڕێگـەی سـتراتیژ و میکانیزمـی تایبەتـەوە دانیشـتووانی خـۆی لـە و تاوانانـە بپارێزێـت. (ڕالـف فیوکـس) سیاسـەتمەداری حیزبـی سـەوزی ئەڵمانـی، ئامـاژە بـەوە دەکات ، کـەوا ئەزمونـی جینۆسـاید میراتییەکـی سیاسـەتی سـەدەی بیسـتەمە، هـەروەک چۆن سـەدەی پێشـکەوتنی جیهانـی دیموکراسـی و ڕاگەیاندنی مافـە گشـتگیرەکانی مـرۆڤ بـوو، کـە دەکرێـت بنـە وەڵامێکـی سیاسـی بـۆ هەڕەشـەی جینۆسـاید. ئـەم سـەردەمە هـەم قۆناغـی بەربەرییـەت و هـەم قۆناغێکـی شارسـتانیکردنی جیهـان بـوو. هـەردوو ڕەوتەکـە تـا ئەمـڕۆش شـەڕی یەکتر دەکـەن و ڕووداوەکانـی ئێسـتای جیهـان لـە شـەڕ و ململانێـکان پێویسـتییان بـە تێگەیشـتنێکی نێودەوڵەتـی هەیـە سـەبارەت بـە ڕێگەگرتـن لـە جینۆسـاید و گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی دەسـتێوەردانی گونجـاو (Fücks, ٢٠٠٨).

## یەکەم: میکانیزمی ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید

ڕێگریکـردن لـە جینۆسـاید ئەرکێکـی ئاڵـۆز و درێژخایەنـە. پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و نیشـتمانی و تاکەکەسـی چارەسـەر بکرێـت، کـە دەکرێـت بـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی گونجـاو هـەوڵ بدرێـت خۆپارێـزی و دواییـش ڕێگـری لێبکرێـت. چەنـد ڕێوشـوێن و میکانیزمـی گونجـاو هـەن، کـە دەکرێـت بـۆ مەبەسـتی پاراسـتنی دانیشـتوان و ڕێگریکـردن لـە جێبەجێکردنـی تاوانـی جینۆسـاید لـە دژیـان لەلایـەن وولاتـەکان خۆیـان و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتییـەوە پەیـڕەوی بکرێـن، لەوانـە:

### قەدەغەکردنی وتار و پەیامی ڕک

لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکانی جینۆسـایددا دەکرێـت قەدەغەکردنـی وتـار وپەیامـی ڕک، کـە هانـی سـوکایەتی پێکـردن بـە گروپێـک، ڕەگەزێـک یاخـود پێکهاتەیەکـی نـاو کۆمەڵگـە بـدات لـە پـاڵ دەرکردنـی یاسـای تایبـەت بـۆ قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی نیشـانە و هێـمای تایبـەت، چ ئاینـی بێـت چ نەتەوەیـی، ببێتـە میکانیزمێکـی ڕێگریکـردن لـە پەرەسـەندنی توندوتیژیـەکان بەرامبـەر بـەو گروپانـە. ئەرکـی سیاسـەتمەداران و پیاوانـی ئاینـی و میدیا و کەسـایەتییە دیارەکانـی کۆمەڵگەیە، کـەوا پەیامـی ڕک ئیدانـە بکـەن و وەکـو تاوانێـک سـزا بدرێـن، بـە نموونـە ئەگـەر کەنیسـەی کاسـۆلیکی لـە ڕوانـدا لـە پێـش و لـە سـاتی ڕوودانـی جینۆسـایدەکەدا ئـەم ڕۆڵـەی بگێڕایـە لـە بەرەنگاربوونـەوەی پەیامـی ڕک و دژایەتیکردنـی خێڵـی هوتـو بـۆ خێڵـی توتسـی، ئـەوا کۆمەڵگـەی ڕوانـدی توشـی ئـەو پەرتـەوازە و دابەشـبوونە نەدەبـوو و ئەگـەری زۆر بـوو ڕێگـری لـە کۆمەڵکوژیەکـە بکرایـە، کـە نزیکـی ٨٠٠٠٠٠ هەشـت سـەد هـەزار لـە توتسـییەکان و هوتـۆ میانڕەوەکانـی تێـدا کۆمەڵکـوژ کـران. لەگـەڵ ئـەوەش دەبێـت هەڵمەتێکـی ڕۆشـنبیری وهوشـیارکردنەوە پشـتیوانی ئـەم هەڵمەتـە بـکات (Stanton, ٢٠٢٣). (ئەنتۆنیـۆ گۆتێرێـس) سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ئامـاژەی بـەم خاڵـە کـردووە کاتێـک لـە سـاڵی ٢٠٢٢ دا هۆشـداریدا، کـەوا جیـاکاری و ووتـاری ڕقـاوی لـە هەمـوو شـوێنێک لـە زۆربووندایـە و دەبنـە نیشـانەکانی ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەخت بـۆ ئەگـەری ڕوودانـی جینۆسـاید (فهمـي, ٢٠٢٢).

٢. دابینکردنی مافی سیاسی و هاووڵاتیبوون

دابینکـردن و پاراسـتنی مافـە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ، لەوانـە، مافـی ژیـان و ئـازادی و ئاسایشـی کەسـەکان، هەروەهـا دەسـتەبەرکردنی بوونـی هاوبـەش و گەشـەپێدان و پراکتیزەی مافە سیاسـی، مەدەنی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و کولتوورییەکان دەکرێـت ببێتـە میکانیزمێکـی بەهێـزی ڕێگریکـردن لـە هەوڵـی کۆمەڵکـوژی و لەناوبردنـی ئەو گـروپ و پێکهاتانـە (DGVN,

٢٠١٤). جیاکاری لەسەر بنەمای نەتەوە، ئیتنیک یاخود ئایین دەبێت بە یاسا وەکو تاوان سزابدرێت. تاکەکان مافی ئەوەیان هەبێت کە سکاڵا لەسەر دەوڵەت، کۆمپانیاکان یان هەر کەسێکی تر تۆمار بکەن کاتێک مافەکانیان پێشێل دەکرێت (Minessota, n.d.).

٣. هاندانی لێبوردەیی و لێکتێگەیشتن

یەکێک لە هەرە میکانیزمە کاریگەرەکانی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی توندوتیژی بەرەو ململانێی سەخت و هەوڵی کۆمەڵکوژی دەکرێت هاندانی چالاکییەکانی لێبوردەیی و لێکتێگەیشتن لە نێوان گروپ یاخود پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا بێت، ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی دامەزراوە تایبەتەکان، کە یارمەتیدەرن بۆ تێپەڕاندنی جیاکاری نەتەوەیی و ڕەگەزی. هەروەها ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ئەو پاڵنەرە بۆ هاندانی زمانێکی هاوبەشی لێکتێگەیشتن لە هەندێک وڵاتدا، بە نموونە تانزانیا، بەشداری کردووە لە دامەزراندنی ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی، بۆیە دەتوانرێت جەخت لە گرنگی گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکاندا بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید بکرێت (Stanton, ٢٠٢٣).

٤. قەدەغەکردنی ئەندامێتی لە میلیشیاکاندا و سەپاندنی سزای یاسایی

پێویستە بوون بە ئەندام لە میلیشیاکاندا قەدەغە بکرێت و دەکرێت سەرکردەکانیان بێبەش بکرێن لە پێدانی ڤیزەی گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات. لێرەدا نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت گەمارۆی چەک بەسەر ئەو حکومەت و میلیشیای وڵاتانەدا بسەپێنێت، کە بەشدارن لە ڕێکخستن و پلاندانان بۆ کۆمەڵکوژییەکان. جگە لەوەش پێویستە کۆمیسیۆنی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو جۆرە پێشێلکاریانە دروستبکرێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵیان لەسەر ئەو تاوانانە و دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەڵسێ بەم کارە لە دەستنیشانکردنی تاوانکاران و سەپاندنی سزای یاسایی بەسەریاندا (Stanton, ٢٠٢٣).

٥. پشتگیری لە سیاسەتی میانڕەوی و سەرکردە میانڕەوەکان

بۆ ڕێگری لە جینۆساید لەم قۆناغە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پشتگیری و پارێزگاری لە سیاسەتمەدار یاخود سەرکردە میانڕەوەکان بکەن. هەروەها هەڵمەتی دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەی دارایی و سامانی توندڕەوەکان بەرپابکەن. لە حاڵەتی ڕوودانی کودەتاکان بەتایبەتی لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە دەکرێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتە بەر بەمەبەستی سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی بەسەریاندا. هەروەها هەڵوێست وەربگرن لەبەرامبەر دەستگیرکردنی کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکاندا و بەرگرییان لێبکەن. دەکرێت گرووپی هەڕەشەلێکراو ئەگەر پێویست بکات چەکدار بکرێن بێت بۆ بەرگریکردن لە خۆیان (Stanton, ٢٠٢٣).

٦. دامەزراندنی سیستەمی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت

دۆزینەوەی پێشوەختە و ڕێگریکردن لە تاوانی کۆمەڵکوژی تەحەدایەکی گەورەیە، پەیوەندی بە دۆزینەوەی تایبەتمەندی و لەیەکچوەکانەوە هەیە لە نێوان تاوانەکانی جینۆساید، لە پێناو ناسینەوەی پیشوەختەی تاوانەکە، کاتێک هێشتا لە سەرەتای ئەنجامدانیدایە، تاوەکو بتوانرێت بوەستێنرێت. بەڵام نەبوونی ئیرادەی سیاسی وولاتەکان دەبێتە هۆکارێک بۆ نەبوونی سیستەمێکی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پاراستنی دانیشتوان (Bumcke, ٢٠٢١). کەواتە دەبێت ئیتر لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش باری نائاسایی و زەنگی ڕوودانی جینۆساید لێبدات (Stanton, ٢٠٢٣).

٧. سەپاندنی سزای ئابووریی و دیپلۆماسی

دەکرێت لە ڕێگەی سەپاندنی سزای ئابووریی و دیپلۆماسی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی دەستێوەردانی چەکداری نێودەوڵەتی لەلایەن زلهێزەکان و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێگری بکرێت لە بەرەوپێشچوونی شاڵاوی جینۆساید. دەبێت لەگەڵ

ئەمانە خۆئامادەکاری پێویست بکرێت بۆ گرتنەخۆی پەنابەران و هەڵهاتوان لە شاڵاو و دەستدرێژیکردنە سەریان لەپاڵ ئەمانە سەپاندنی گەمارۆی ناردن و فرۆشتنی چەک لە سەر ئەو وولاتانەی هەوڵی کۆمەڵکوژی میللەتەکەیان یاخود گرووپێکی دیاریکراو دەدەن لەگەڵ دروستکردنی کۆمیسیۆنی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە رووداوەکان. هاندان و پیلانگێری بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دەچێتە ژێر مادەی سێی رێککەوتننامەی رێگریکردن لە تاوانی جینۆساید، هەر بۆیە دەبێت ئەنجامدەرانی دادگایی بکرێن (Stanton, ٢٠٢٣).

٨. دروستکردنی ناوچەی سەلامەت

لە قۆناغی لەناوبردندا زەرورەتی دروستکردنی ناوچەی سەلامەت یاخود رێڕەوی هەڵهاتن بۆ دەربازبوونی قوربانیان بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دێتە کایەوە. دەستێوەردان و سنووربەزاندنی ئەو وولاتەی جینۆسایدەکەی تێدا روودەدات پێویستی بە مۆڵەتی یاسایی ئەنجومەنی ئاسایشە، و لەکاتێکدا پێویست بکات هێزە فرەنەتەوەییەکان بجوڵێنرێن، ئەو کاتە دەبێت لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە رێگەپێدراو بن (Stanton, ٢٠٢٣).

٩. دەستێوەردانی سەربازی

لەکاتێکدا نەتەوە یەکگرتووەکان نەتوانێت رێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ بەرپەرچدانەوە و رێگری لە جینۆساید، ئەوا وولاتانی ناوچەکە دەبێت هاوپەیمانی دروست بکەن بۆ رێگری و وەستاندنی کۆمەڵکوژیەکە، لەرێگەی دەستێوەردانی سەربازی، تاوەکوو بتوانن قوربانیان لە دوا قۆناغی لەناوبردنیان رزگاربکەن. ئەگەر زلهێزەکان نەیانتوانی سەرباز بۆ دەستێوەردانێک دابین بکەن، ئەوا دەبێت لەرێگەی گواستنەوەی ئاسمانی کەرەستە و ئامرازی هاوکاری بگەیەننە قوربانیان بۆ رزگارکردنیان لە لەناوچوون (Stanton, ٢٠٢٣).

## دووەم: رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لە پاراستنی دانیشتوان و رێگریکردن لە جینۆساید

لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە، سەرەڕای شکستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە رێگریکردن لە تاوانی جینۆساید وەک بە نموونە لە رواندا روویدا، توانیوێتی پێشکەوتنێک بەدەستبێنێت لە لێپێچینەوەی یاسایی لە تاوانباران و کێشکردنیان بەرەو دادگا نێودەوڵەتییەکان و سەپاندنی سزای یاسایی بەسەریاندا لە هەندێک لە کەیسەکانی جینۆسایددا. بەشێکی گرنگی ئەم هەوڵە، دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، کە یەکەم دەزگای هەمیشەیی نێودەوڵەتییە بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی (Hofmann, ٢٠١٨).

لە ٩ ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ رێککەوتننامەی رێگری و سزادانی تاوانی جینۆساید(CPPCG) لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکرا و لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥١ کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە بە یەکێک لە کۆنترین پەیماننامەکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت. بە پێی ئەم رێککەوتننامەیە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەبێت بپارێزرێت لە مافی ژیان و پاراستن لە لەناوچوون بە هۆکاری نەتەوەیی، رەگەزپەرستی، ئایینی یاخود ئێتنی. لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوێستی نەنواند بەرامبەر رووداونی کۆمەڵکوژی و توندوتیژیەکان لە هەندێک وولاتانی جیهان بەتایبەتی دوای رووداوەکانی سرێبرینسکا لەساڵی ١٩٩٣ و رواندا لە ساڵی ١٩٩٤، ئەمەش وایکرد بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی روون بێتەوە، کەوا سەرەڕای بوونی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو دوو وولاتە، نەتوانرا رێگری لە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بکرێت. لێرەدا دەبوو ئەو هێزە نێودەوڵەتیە رێکاری سیاسی و سەربازی گونجاو و کاریگەری بگرتایەبەر لەپێناو رزگارکردنی یاخود پاراستنی دانیشتووانی ئەو وولاتانە لە شاڵاوی جینۆساید. هەروەها لەپاش رووداوەکانی سوریا، مالی، دارفور و عێراق، کە سەختترین پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و هەڕەشەی جینۆسایدی لەگەڵ خۆی هێنا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خستە بەردەمی تەحەدای

گەورەی.

(کوفی ئەنان)، ئەمینداری گشتی پێشووتری نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەیەمینساڵیادی جینۆسایدی ڕواندا، ڕایگەیاند، کە „کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو کاتەدا بەکۆمەڵ شکستی هێنابوو" و «دەبێت میکانیزمەکانی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەمان بۆ پاراستن لە جینۆساید و کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی نەتەوەیی و تاوانە هاوشێوەکان بەهێز بکرێت". هەر ئەو کاتە ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە جینۆساید دروستکرا. نەتەوە یەکگرتووەکان بەم هەنگاوە هەوڵیدا، کەوا لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا شەڕ و ململانێ ناوخۆییەکان و گرژیەکان دەستنیشان بکات و ڕێگری بکات لە تەشەنەکردنی توندوتیژیەکان بۆ ئاستی کۆمەڵکوژی (Barth, ۲۰۰٦). ئەوەبوو (ئەنان) پلانێکی کارکردنی لە ساڵی ۲۰۱۰ خستە بەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێبەجێکردنی، ئەویش لەسەر پێنج بنەما دامەزرابوو: ئاگادارکردنەوە لە شەڕی چەکدار، پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی، کۆتاییهێنان بە دەربازبوون بێ سزا، پێدانی هۆشداری یاخود ئاگادارکردنەوەی ڕوون و پێشوەختە لەگەڵ دەرکردنی بڕیاری خێرا و یەکلاکەرەوە. هەر بە پێی پەیماننامەی نەیەوەیەکگرتووەکان بە ناوی بەرپرسیارێتی پاراستن ( Responsibility to Protect) ی ساڵی ۲۰۰٥، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی پابەندکردووە بەو پرنسیپەی، کە هەموو دەوڵەتێک ئەرکی پاراستنی دانیشتووانەکەی لە هەڕەشەی جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و پاکتاوی نەتەوەیی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەگرێتە ئەستۆی خۆی و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتیی ئەو دەوڵەتانە بکات، کە ڕووبەڕووی ئەم ئەرکە دەبنەوە. ئەگەر پێویست بکات لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی پاراستنیان بگرێتە ئەستۆ. بەتایبەت دوای بەرپاکردنی جەنگی ڕووسیا دژ بە ئۆکرانیا و پەرەسەندنی دڕندەیی و توندوتیژی جەنگەکە و هەروەها دەستپێکردنەوەی ململانێی نوێ لە وڵاتانی وەک سودان (Hofmann, ۲۰۱۸).

دوای چەند ڕۆژێک لە هێرشەکەی چەکدارانی داعش بۆسەر شنگال، نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، کەوا ئێزیدییەکان دووچاری مەترسیی کۆمەڵکوژییەکی گەورە دەبنەوە. جگە لەوەش ئەو هەواڵانەی پشتڕاست کردبووەوە کە باس لەوە دەکەن، کە تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیکی پەلاماری ئێزیدییەکان و پێکهاتە ئاینیەکانی دیکەی ناوچەکەیان داوە. سەرەڕای ئەوە هەوڵی جدی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ناوچەکە نەگیرایەبەر بۆ پاراستنی کوردانی ئێزدی و پێکهاتە ئاینیی و نەتەوەییەکانی دیکە لە هەڕەشەی جینۆسایدکردنیان.

## سێیەم: ڕێگریکردن لە هەوڵی جینۆسایدکردنەوەی کوردانی ئێزدی

هەڕەشەی ڕوودانەوەی تاوانی جینۆساید دژی پێکهاتەی کوردانی ئێزدی لە عێراق وناوچەکە پەیوەستە بە چەندین هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویەوە. کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانەوەی جینۆساید لە دژی ئێزیدییەکان پێویستی بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو هەیە. بەتایبەت لە بواری ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەمنی و ئاسایشی شەنگال، وەکوو ڕێگەخۆشکردنێک بۆ گەڕانەوەی خێزانەکان بۆ زێدی خۆیان و بونیادنانەوەی ژیانێکی نوێ لەو ناوچانەی کە لە دوای ئابی ۲۰۱٤ ەوە تاکوو شکستی داعش لە ساڵی ۲۰۱۷ دەستیان بەسەردا گیرابوو. (سەعد سەلوم) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژەی داوە بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی پاراستن و گەڕانەوەی ئێزیدییان بۆ زێدی خۆیان، کاتێک جەخت لە سەر گرنگی بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی دەکات بۆ قوربانییان، لەوەی کە مافی ئەوەیان هەیە ڕاستییەکان بزانن وقەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها گەرەنتی ئەوەیان پێ بدرێتەوە، کەوا جارێکی دیکە دوچاری کۆمەڵکوژی نابنەوە. لەگەڵ ئەوەش دەبێت کاربکرێت بۆ بەهێزکردنی هەستکردنیان بە دادپەروەری و گەڕاندنەوەی کەرامەتیان بە شێوەیەک کە لە ڕۆحی ئێزیدیاندا حاڵەتێکی ڕازیبوون و متمانە بەخۆبوون و بە کەسانی دیکە دروست

بـكات و خۆشەویسـتی بـۆ گەڕانـەوە و پابەسـت بـوون بـە خاکـی خۆیـەوە هەبێـت، ئینجـا دەتوانێـت هەسـتی ئینتیـما و وەلا و دڵسـۆزی بـۆ بگەڕێتـەوە و هەوڵـی دەسـتەبەرکردنی پێکەوەژیـان بـدات (سـلوم، ٢٠٢٢). هەروەهـا دەکرێـت دانپێدانانـی قەتڵوعامـی کوردانـی ئێـزدی لەسـەر دەسـتی تیرۆریسـتانی داعـش لـە ئۆرگانەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، پەرلەمانـی ئەوروپـا و ژمارەیەکـی زۆر لـە حکومەتـەکان هۆکارێـک بێـت بـۆ کەمکردنـەوەی ئەگـەری جینۆسـایدکردنەوەی ئـەم پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینیـە ڕەسـەنەی کوردسـتان و عێـراق، کاتێـک بـە ڕاشـکاوی تاوانەکانـی دژی ئێزیدییانیـان بـە جینۆسـاید وەسـف کـردووە، ئەمـەش زیاتـر لـە پێنـاو بەدیهێنانـی دادپـەروەری بـۆ قوربانییـان و هەوڵـی قەرەبوکردنەوەیـان و ڕێگـری لـە ڕوودانـەوەی توندوتیـژی و هەوڵـی کۆمەڵکوژییـان.

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

بـۆ ڕێگریگرتـن لـە ئەنجامدانـی یاخـود دووبارەبوونـەوەی تاوانـی جینۆسـاید لـە دژی گەلـی کـورد لـە موسـڵمان و ئێـزدی و پێکهاتەکانـی دیکـەی ئاینـی و مەزهەبـی و نەتەوەیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق، توێـژەر ئـەم ڕاسـپاردەو پێشـنیازانە دەخاتـەڕوو:

پەرەپێدانـی وتووێـژی نێـوان ئایینـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق بـە گشـتی، لەڕێگـەی گفتوگـۆی نێـوان ئاینیـەکان (حـوار الأدیـان) (Interfaith dialogue)، و هاوپەیمانـی شارسـتانیەتەکان (تحالـف الحضـارات) (Alliance of civilisations) کـە لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە وەکـو پرۆژەیەکـی نزیککردنـەوە و لەیەکتێگەیشـتنی ئاینـەکان و نەتـەوە و کولتـورە جیاجیـاکان لەسـەر ئاسـتی تـاک و دامـەزراوە و ئۆرگانـی ئایینـی پشـتگیری دەکرێـت لـە پێنـاو کارلێکـی هاوبەشـی بنیاتنـەر و ئەرێنـی لـە نێـوان تاکەکانـی بیروبـاوەڕ و نەریتـی ئایینـی جیـاواز و ئاراسـتە ڕۆحییەکانـی دیکـە و بیرۆکـە مرۆییـەکان.

دانـان بـە ئـازادی ئایینـی لەلایـەن کۆمەڵگـەی مەدەنـی و پێکهاتـە ئایینییەکانـی دیکـەوە، مەرجێکـی چارەنووسـازە بـۆ داهاتوویەکـی ئارامـی ناوچەکـە و ئێزیدییـەکان و پێکهاتـە ئاینییەکانـی دیکـەی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق دەبێـت دڵنیابـن لـەوەی کـە لـە هەمـوو پارچەیەکـی ئـەم وڵاتـە ڕێـز لـە کەرامـەت و بیروبـاوەڕی ئاینـی و دابونەریتیـان دەگیرێـت و دەپارێزرێـت.

پاراسـتنی ئاسایشـی شـەنگال و دەوروبـەری لـە ڕێگـەی جێبەجێکردنـی ڕێککەوتننامـەی ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی شـنگالی سـاڵی ٢٠٢٠، کـە دەبێـت یەکـەی کارگێـڕی سـنووری شـنگال ڕێکبخرێتـەوە و قایمقامێکـی بێلایـەن بـۆ قـەزای شـنگال دیاربکرێـت و هێزێکـی هاوبـەش ئاسایشـی ئـەو ناوچەیـە بپارێزێـت.

یەکگرتنـەوەی هێـزە جۆراوجۆرەکانـی کوردانـی ئێـزدی کـە زیـاد لـە پێنـج هێـز پێکدێنـن و سـەر بـە حیـزب و هێـزی جیـاوازن لـە پێشـمەرگە و پەکەکـە و حەشـدی شـەعبی، کـە زیاتـر بووەتـە هـۆکاری دروسـتبوونی گـرژی لـە نێوانیـان لـە جیاتـی بەجێهێنانـی ئەرکـی سـەرەکیان لـە پاراسـتنی ناوچەکـە و دانیشـتوانی لـە مەترسـی هەڕەشـەی کۆمەڵکوژییەکـی داهاتـوو.

ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـە زیانلێکەوتـووەکان لـە شـنگال و دەوروبـەری بـە هـاوکاری نێودەوڵەتـی و زیادکردنـی بودجـەی تەرخانکـراو بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن حکومەتـی ناوەنـد لـە بەغـدا.

پشـکنینی DNA بـۆ رووفاتـی نێـو زیـاد لـە ٨٥ هەشـتاو پێنـج گـۆڕی بەکۆمـەڵ لـە شـنگال و زانینـی چارەنووسـی قوربانیـان و ماڵئاواییکردنێکـی شایسـتە لێیـان لـە ڕێگـەی ناشـتنی تەرمەکانیـان و دروسـتکردنی مۆنۆمێنـت بـۆ وونبـووەکان بەمەبەسـتی سـەردانیکردن و یادکردنەوەیـان و دروسـتکردنی مۆزەخانـە بـۆ پاراسـتنی بەڵگـەی کۆمەڵکوژییەکـە و پاراسـتنی لـە بیـرەوەری کۆمەڵگـەدا.

وەرگرتنـەوەی بەڵگەنامەکانـی نیشـتەجێبوون و زەوی و موڵـک و ماڵیـان، بەمەبەسـتی گەڕاندەوەیـان بـۆ خاوەنەکانیـان و

پاراستنی ئەوانەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، لە مەترسی دەرکردن جارێکی دیکە بەتایبەت لەلایەن گوندنشینە عەرەبەکانی ناوچەکە.

پێشکەشکردنی قەرەبووی مادی و مەعنەوی قوربانیانی کۆمەڵکوژی شەنگال و دەوروبەری لەلایەن حکومەتی ناوەند بۆ هەموو موڵک و ماڵ و زەوی و زار و وێرانبووەکانیان و قوربانی مرۆیی و زیانی دەروونی و جەستەیی، وەکو بەشێک لە بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ کۆمەڵگەی ئێزدی و دانپیانان بەو کۆمەڵکوژییەی لە دژیان ئەنجامدراوە.

جێبەجێکردنی یاسای (الناجيات) ی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەی کچ و ژنە ئێزدییە ڕزگاربووەکان لەلایەن حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا، ئەویش بە پێدانەوەی ناسنامە عێراقی بە خۆیان و منداڵەکانیان و تەرخانکردنی موچەیەکی تایبەت بۆ بژێوی ژیانیان و گەڕاندنەوەیان بۆ پرۆسەی خوێندن و تێکەڵکردنەوەیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

گەڕاندنەوەی سەدەها ژن و منداڵانی کەمپی هۆل، کە هێشتا لە ژێر ئاسەواری کۆمەڵکوژییەکەدا دەناڵێنن بۆ زێدی خۆیان و دابینکردنی ژیانێکی کارامە بۆیان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و دادپەروەر بۆ ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی دەستدرێژییەکانی چەکدارانی داعش هاتونەتە دنیاوە، بە مبەستی دورخستنەوەیان لە دەمارگیری و هەوڵی بەکارهێنان و ئۆرگانیزەکردنیان لەلایەن گروپە توندڕەوەکانەوە.

دروستکردنی دادگایەکی تایبەت لە عێراق بۆ پەلکێشکردنی ئەو تاوانبارانەی لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی دژ بە کوردانی ئێزدی بەشداربوون و سەپاندنی سزای یاسایی بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بەسەریاندا.

## ملخص:


يحاول هذا البحث بعنوان (جريمة الإبادة الجماعية، مراحل تنفيذها والوقاية منها. الإبادة الجماعية الأنفال و الإبادة الجماعية ضد الكورد الإيزيديين نموذجاً) تقديم مفهوم الإبادة الجماعية كواحدة من أخطر الجرائم ضد الإنسانية التي ترتكبها الأنظمة القمعية والأحزاب المتطرفة. بغرض تدمير كل أو جزء من مجموعة عرقية أو عنصرية أو جنسية أو دينية. تعرض هذه الورقة العملية الإبادة الجماعية ومراحل تنفيذها استناداً إلى نظرية خبير الإبادة الجماعية الدولي غريغوري ستانتون، وتبين أهم سياسات وآليات تنفيذ الإبادة الجماعية ضد الشعب الكوردي في كوردستان العراق والمنطقة. تحاول الدراسة عرض الجهود الدولية لمكافحة جريمة الإبادة الجماعية و خاصة من قبل جمعية الأمم المتحدة، كما تستعرض أهم الآليات والإجراءات و التدابير، التي يمكن اتباعها لمنع وقوع أو تكرار جريمة الإبادة الجماعية إلى جانب مسألة المخاطر على حياة الكورد الإيزيديين فى سنجار و المناطق المحيطة بها و احتمالية محاولات إبادتهم من جديد. تبحث هذه الدراسة مثالين للإبادة الجماعية ضد الشعب الكوردي، وهما الإبادة الجماعية الأنفال ضد الشعب الكوردي في كردستان العراق على يد النظام البعثي البائد عام ١٩٨٨و الإبادة الجماعية ضد الكورد الإيزيديين في سنجار على يد مسلحى ما يسمى بالدولة الإسلامية فى العراق و الشام (داعش) عام ٢٠١٤.


الكلمات المفتاحية: الإبادة الجماعية، الكورد، الإيزيديون، الأنفال، الأمم المتحدة، كوردستان، العراق

## Summary:


This research entitled (Genocide, Stages of Implementation and Prevention. Genocide of Anfal and Yazidi Kurds as Examples), attempts to present the concept of genocide as one of the most serious crimes against humanity, committed by oppressive regimes and extremist parties with the intent to destroy, in whole or in part, a national, ethnical, racial or religious group. This paper presents the process of genocide

and its stages of implementation based on the theory of international genocide expert Gregory H. Stanton and shows the most important policies and mechanisms of genocide against the Kurdish people in Iraqi Kurdistan and in the region. This paper also attempts to discuss the international efforts to combat the crime of genocide, especially by the United Nations, as well as the most important mechanisms and measures that can be followed to prevent the occurrence or repetition of genocide. This study examines two examples of genocide against the Kurdish people, namely the Anfal genocide against the Kurdish people in ١٩٨٨ in Iraqi Kurdistan by the Baath regime and the genocide of the Yezidi Kurds in Sinjar in ٢٠١٤ by of the Islamic State.

**Keywords: Genocide, Kurds, Yezidis, Anfal, United Nations, Kurdistan, Iraq**

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی و عەرەبی:

احسان، محمد، ٢٠١٧. الابادة الجماعية في العراق ١٩٨٠-١٩٩٠.

القبس، ٢٠٠٦. القبس : صدام يقر بجريمة ‹الأنفال. كنا نواجه تمردا وردنا كان مشروعا. ٢٦٢٤٠٢D: Available at/https://www.alqabas.com/article

[تاريخ الوصول ١. ٨. ٢٠٢٣].

امين، روشنا, ٢٠٢٣. گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی: إنكار الإبادة الجماعية و سبل مواجهته قانونيا. ٢٤٧-٢٢٥ .pp.

امین, ڕۆشنا, ٢٠٢٣. مێژووی کۆمەڵکووژی کوردان: تاوانی فێمیساید لە جینۆسایدەکانی دەرسیم و ئەنفال و شەنگال.. سلێمانی: مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران (ی.ن.ک) p. ١٣٧.

بۆزانی، خەیری، ٢٠٢٣.

إحصائيات مكتب انقاذ المختطفين الايزيديين.

تەها, بەرزان مەلا, ٢٠١٧. دەربارەی تەکفیر و هەڵوێستی داعش بەرامبەر بە پێشمەرگە: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان. [Online]

٥١٦٠=Available at: https://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare

.[٢٠٢٣ .٨ .١٥ Accessed]

ڕزگار, محەمەد, ٢٠٢٢. زانیاری: کیمیابارانی هەڵەبجە. [Online]

/٦٠٣d٤٣٢٥e٨٠٠٣/Available at: https://zaniary.com/blog

.[٢٠٢٣. ٨ .١٥ Accessed]

رمضان، مشتاق ،٢٠٢١. محنة العشائر السبعة.. تغيير ألقاب نصف مليون كوردي إلى العربية خارج إقليم كوردستان. .

[Online]

Available at :٢٠٠٥٢٠٢١١/https://www.rudawarabia.net/arabic/middleeast/iraq

[تاريخ الوصول ١. ٩. ٢٠٢٣].

رئووف، بورهان شێخ, ٢٠٢١. سپی میدیا: جینۆسایدی ئێزدیەکان لەلایەن داعشەوە لە دۆکۆمینتی نێو نەتەوەییدا. [Online]

٩٤٧٠=Jmare&٤٣٦=Available at: https://www.speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID

[۲۰۲۳. ۸. ۲۰ Accessed].

ڕەحیم, هێمن بابان, ۲۰۲۱. دەزگای مین: زیاتر لە دوو ملیۆن مین لە کوردستان ماون. [Online]
۰۲۰۵۲۰۲۱۱٦/Available at: https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan
[۲۰۲۳ .۸ .۲۰ Accessed].

سامي, آمال, ۲۰۱۹. الأكراد قوم من الجن كشف عنهم الغطاء».. هكذا يرى الشيعة جيرانهم الكرد. [Online]
۱٦۵۳۳٦۷/۱٦/۱۰/۲۰۱۹/Available at: https://www.masrawy.com/islameyat/makalat-other/details
[۲۰۲۳ ۸ ۱۵ Accessed].

سلوم، سعد،. ۲۰۲۲. الإبادة الجماعية مستمرة .. ديناميات وابعاد وفواعل الإنقسام فى المجتمع الإيزيدي. مركز البيان للدراسات والتخطيط، p. ۳۵.

سەیدقادر, سەنگەر, ۲۰۱۹ :Sbeiy.com .پڵنگە ڕەشەکەی عومەر بەشیر: ڕاپۆرتی شیکاری: بەشی یەکەم. [Online]
Available at ۱٤۸۹۲=https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare

شوانی, کاروان عوسمان. ۲۰۲۳. کوردستانی نوێ: ئەنفال، چەمک و قۆناغەکانی. [Online]
۸۳٤٦/Available at: https://knwe.org/KU/Details
[Accessed ۲۰۲۳ .۸. ۲۱].

شەریف, شیروان, ۲۰۲۲. ESTA :عێراقی دوای ۲۰۰۳. تا ئێستا عێراقییەکان بەدوای ناسنامەی ”عێراقی نوێ“دا دەگەڕێن.
[Online]
/۱٤٦۹۰۲/Available at: https://esta.krd
[۲۰۲۳ .۸ .۲۰ Accessed].

عومەر، دانا، ۲۰۱۸ . ڕۆژنیوز: مادەی ۱٤۰ی دەستوور و بەربەستەکانی جێبەجێکردنی.. بەشی یەکەم . [Online]
۱۳۹۹۵=Available at: https://rojnews.news/?p
[۲۰۲۳ .۸ .۲۲ Accessed]

فهمي، ڤالا, ۲۰۲۲. اتجاهات: اليوم الدولي لذكرى ضحايا الإبادة الجماعية. إنذار أممي لإنهاء القتل الممنهج والمذابح الجماعية.
[Online]
HTTPS://JUSOORPOST.COM/AR/POSTS: Available at
[۱,۱ .۹ ۲۰۲۳ Accessed].

كاميل، بەهێز ..۲۰۲۱ ڕووداو: مەترسییە جیددییەکە؛ بەهێزبوونەوەی داعش لە عێراق و ناوچە کوردستانییەکان.
Available at : ۰۹۰۲۲۰۲۱٦/https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq
[تاريخ الوصول ۳. ۹. ۲۰۲۳].

کوردستانی, ناوەندی ڕەوەندی, ۲۰۲۱: ۳۸مین ساڵوەگەڕی جینۆسایدی بارزانییەکان ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی. [Online]
/۲۹۲۹/۲-Available at: https://kurdishdc.org/ku/slide
[۲۰۲۳ .۸ .۲۰ Accessed].

گوڵپی، ناجح، ۲۰۱٦ :ئەنفالیستان: قۆناغەکانی جینۆساید . [Online]
Available at: http://www.anfalistan.com

[۲۰۲۳ .۷ .۱۰ Accessed]

مەمی، دانا، ۲۰۱۹. عێراق لەدوێنی وەبۆ ئەمڕۆ بەردەوامی شاڵاوی توندوتیژی. [Online]

۱٥۸٤۷۳=Available at: https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare

[۲۰۲۳ ۸ ۲۱ Accessed]

سەرچاوەی ئینگلیزی و ئەڵمانی:

Jahrhundert. Geschichte. Theorien. Kontroversion.. .۲۰ Barth, Boris: Völkermord im .۲۰۰٦ ,.Barth, B

s.l.:Verlag C. H Beck

Phasen des ۱۰ .Gesellschaft für bedrohte Völker:Genozide erkennen und verhindern .۲۰۲۳ ,.Bräuer, P

[Völkermordes. [Online

.[۲۰۲۳. ۸ .۱ Accessed]

PRIF BLOG: Warum dringen Krisenwarnungen nicht durch? Vier Eigenschaften, die .۲۰۲۱ ,.Bumcke, A

[Warnungen vor Massenverbrechen erfüllen sollten. [Online

warum-dringen-krisenwarnungen-nicht-durch-vier-/۳۰/۰۷/۲۰۲۱/Available at: https://blog.prif.org

/eigenschaften-die-warnungen-erfuellen-sollten

.[۲۰۲۳ .۹ .۱ Accessed]

Deutsche Gesellschaft für die Vereinten Nationen e.V.: Verhütung und Bestraftung des .۲۰۱٤ ,DGVN

[Völkermordes. [Online

Available at: https://menschenrechte-durchsetzen.dgvn.de/menschenrechte/politische-buergerliche-rechte/

verhuetung-und-bestrafung-des-voelkermordes

.[۲۰۲۳ ۹ ۲ Accessed]

[Online] .۰۳,۱۱,۲۰۱٤ | .Jesiden-Verfolgung. In den Fängen der Dschihadisten .۲۰۱٤ ,.Durm, M

.۱۰۰-Available at: https://www.deutschlandfunk.de/jesiden-verfolgung-in-den-faengen-der-dschihadisten

html

.[۲۰۲۳. ۸ .۱۰ Accessed]

Verbrechen gegen die Menschheit. Berlin .۲۰۰۸ ,.Fücks, R

.verbrechen-gegen-die-menschheit/۱۹/ -۰۳٦/۲۰۰۸/https://www.boell.de/de

[Phasen des Völkermordes. [Online ۱۰ :Genozide erkennen und verhindern .۲۰۲۳ ,Genocide Watch

phasen-des--۱۰-genozide-erkennen-und-verhindern/۱۲/۰۱/۲۰۲۳/Available at: https://gfbvblog.com

/voelkermordes

.[۲۰۲۳ .۸ .۱ Accessed]

.Historical dictionary of Iraq. Lanham. Lanham: Scarecrow Press .۲۰۰٤ ,.Ghareeb, E

Schlimmer als Krieg. Wie Völkermorde entsteht und wie er zu verhindern ist. .۲۰۰۹ ,.Goldhagen, D. J

.München: Siedler Verlag

Jahren Völkermordkonvention ٧٠ Genocide Alert: Wie steht es um „Nie wieder“ nach .٢٠١٨ ,.Hofmann, G
[und Menschenrechtserklärung?. [Online
jahren--٧٠-Available at: https://www.genocide-alert.de/wie-steht-es-um-nie-wieder-nach
/voelkermordkonvention-und-erklaerung-der-menschenrechte
.[٢٠٢٣ .٩ .١ Accessed]

Fünf Jahre nach dem Völkermord an den Jesiden, Göttingen: Gesellschaft für bedrohte .٢٠١٩ ,.Kizilhan, J. I
. Völker

Yezidism has its background observances and textual tradition. Lewiston, New .١٩٩٥ ,.Kreyenbroek, P. G
.York: The Edwin Mellen Press

[Deutschlandfunk: Irak. Gewalt steht auf der Tagesordnung. [Online .٢٠١٥ ,.Kuhlmann, J
html.١٠٠-Available at: https://www.deutschlandfunk.de/irak-gewalt-steht-auf-der-tagesordnung
.[٢٠٢٣ .٨ .٢٠ Accessed]

Halabdscha In Erinnerung an den Giftgasangriff auf irakische KurdInnen. :٢٠١٣ ,Medico international
[[Online
١٤٦٥٨-Available at: https://www.medico.de/halabdscha
.[٢٠٢٣ .٨ .١٨ Accessed]

Minnesota, U. o., n.d. Centre for Holocaust and Genocide Studies: Mass Violence and Genocide by the
[Islamic State/Daesh in Iraq and Syria. [Online
Available at: https://cla.umn.edu/chgs/holocaust-genocide-education/resource-guides/mass-violence-and-
genocide-islamic-statedaesh
.[٢٠٢٣ .٨ .٢٠ Accessed]

[NDR Info: Wannsee-Konferenz: Wie Bürokraten den Holocaust planten. [Online .٢٠٢٢ ,NDR
Available at: https://www.ndr.de/geschichte/chronologie/Wannsee-Konferenz-Wie-NS-Buerokraten-den-
html.Holocaust-planten,wannseekonferenz١٠٠
.[٢٠٢٣ .٨ .١٠ Accessed]

[IS-Kämpfer sind noch im Irak aktiv. [Online ٤٠٠ Etwa :٢٠٢٣ ,Agenzia Nova
combattenti--٤٠٠-Available at: https://www.agenzianova.com/de/news/in-iraq-sono-ancora-attivi-circa
/dello-stato-islamico
.[٢٠٢٣ .٩ .١ Accessed]

[Frankfurter Allgemeine: Wie die Gewalt gegen Jesiden wieder eskaliert. [Online .٢٠٢٣ ,.Othmann, R
.١٨٨٨٣٨٥-Available at: https://www.faz.net/aktuell/feuilleton/debatten/wie-gewalt-gegen-jesiden-eskaliert
html

.[۲۰۲۳. ۹. ۱ Accessed]

[Tagesschau: Die vergessenen Opfer deutscher IS-Terroristen?. [Online .۲۰۲۲ ,.Pöls, A. G. &. M

html.۱۰۷-Available at: https://www.tagesschau.de/investigativ/fakt/jesiden-is

.[۲۰۲۳ .۱ .۱٥ Accessed]

Internationalepolitik: Nie wieder Auschwitz? Lemkins Schöpfung Wie Völkermord .۲۰۰٥ ,.Rabinbach, A

[zum juristischen und politischen Begriff wurde. [Online

Rabinbach.pdf_۰٥-۰۲_Available at: https://internationalepolitik.de/system/files/article_pdfs/IP

.[۲۰۲۳. ۸. ۲۰ Accessed]

[Radio Vatikan: Extremisten markieren Häuser von Christen in Mossul. [Online .۲۰۱٤ ,RadioVatikan

irak_extremisten_/۱۷/۰۷/۲۰۱٤/Available at: http://www.archivioradiovaticana.va/storico

۸۱۳۷۸۳-A٤user_von_christen_in_mossul/ted٪markieren_h٪C۳

.[۲۰۲۳. ۸. ۱٦ Accessed]

[Genocide Watch: The Logic of the Ten Stages of Genocide. [Online .۲۰۲۳ ,.Stanton, G

Available at: https://www.genocidewatch.com/tenstages

.[۲۰۲۳. ۸ .۱٥ Accessed]

Claims in Conflict. Reversing Ethnic Cleansing in Northern Iraq, New York :۲۰۰٤ ,Watch, Rights Watch

[Genozid an Ezid*innen: Sexualisierte Gewalt gegen Frauen ist eine Kriegswaffe. [Online :۲۰۲۰ ,Zeit

genozid-an-ezidinnen-sexualisierte-gewalt-gegen-/۰۸-۲۰۲۰/Available at: https://www.zeit.de/zett/politik

frauen-ist-eine-kriegswaffe

[۲۰۲۳. ۲. ۱۰ Accessed]